# ژنان

گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە
ژمارەی : ٤٢ سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی



# ئازادی بۆ ژن
# بەختیاری بۆ کۆمەڵ




ژنان گۆڤارێکی سیاسی ـ فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیە
کە سێ مانگ جارێک یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی
کوردستانی ئێران دەری دەکات

سەرماوەزی ١٣٩٢ـ دێسامبری ٢٠١٣
ژمارە ٤٢

سەرنووسەر : هێرۆ جەڵدیانی

دەستەی بەڕێوەبەریی گۆڤار:
ئێلهام چایچی — چنوور قادری
ئازاد کوردی — سەفیە خالیدی

ژنان لەسەر سایت:
www.yjdki.org
www.kurdistanmedia.com
www.pdki.org
webmaster@yjdki.com

ئیمەیلی گۆڤاری ژنان:
gowarijinan@gmail.com
ئیمەیلی بەرنامەی رادیۆیی
« بۆ بەختیاریی کۆمەڵ»
radiojinan@gmail.com

نامە و نووسراوەکانتان لە ڕێگای کۆمیتەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بنکە و نوێنەرایەتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، بۆ گۆڤاری ژنان بنێرن.

دیزاینی بەرگ و مونتاژ : مەهتاب مەعروفی
تایپ: مەحبووبە ئیبتکار



سەروتار ٢



توندوتیژیی دەوڵەتی و ... ٣



رۆژی جیهانیی بەرەنگار... ٤



شێرپەنجەی مەمک ٦



قاچاخی ئافرەتان ٨



زێدەبوونی توندوتیژی ... ١٧



ماراسۆنی نێودەوڵەتیی ... ٤٦

# سەروتار

لەم ژمارەیەی گۆ قا ر ە کە ما ن کە دێتە بەر دەستی خوێنەرانی بەرێزەوە، بە پێویست دەزانم کە ئاماژە بە چەند خاڵێ سەرەکی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لە ئێران هاتووتە ئاراوە، بکەم.

دوای هەڵبژاردنی «حجتالاسلام حەسەن رووحانی» بە سەرۆك کۆماریی کۆماری ئیسلامیی ئێران، چاوەڕوان دەکرا لە راستای بەڵێنەکانی دراو کاتی پرۆپاگەندە بۆ سەرۆك کۆماری، هەنگاوی ئەرێنی هەڵگرێت و گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی ئێراندا پێك بێنێ. بەڵام تا هەنووکەش بە کردەوە بینیومانە کە نە تەنیا نەیتوانیوە هیچ هەنگاوێك هەڵگرێ، بەڵکوو لە وتار و کردەوە و بەرنامەکانیشدا گەراوەتەوە سەر بنەڕەتی ئەو سیستەمەی کە لەپێشتریش لە کۆماری ئیسلامی بەرێوەچووە. لەم ماوەیەدا «ئاغای رووحانی» لەمەڕ سیاسەتی دەرەکی توانی بە شێوەیەکی نەرم و نیانتر لە سەرۆك کۆماری پێشوو سەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەمەڕ دانوستاندن و گفتگۆکردن لەسەر کێشەی پیتاندنی ئۆرانیۆم و پرۆژەی ناوەکی هەیانبوو،بۆ لای خۆی راکێشێ. لەچەند دانیشتنێكدا کە لە نێوان گرووپی ١+٥ و بە تایبەت ئەمریکا لە لایەك هەیئەتی دیاری کراوی کۆماری ئیسلامی پێك هات و لەسەر هەندێك خاڵێ پێوەندیدار بەم کێشەیە کە هەمووی بە قازانجی گرووپی ١+٥ کۆتایی پێ هات، رێك کەوتن. بەڵام بە دوای تێپەڕبوونی کەمتر لە مانگێك بە هۆی دەرکەوتنی ناراستیی کۆماری ئیسلامی، لە راگەیەندراوەکان و هەڵوێستی جۆراوجۆر لە نێو کۆماری ئیسلامیدا، بەرەبەرە راوبۆچوونی وڵاتانی بەشدار لە رێکەوتنەکەدا، گۆڕانی بەسەردا هات و بۆ جارێکی دیکە بۆیان سەلماندرا و دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ کات بکوژێت و کایەیان پێ بکات، لە ئاکامدا ئامریکا بەشێکی دیکە لە دامودەزگاکان و نەوتی کۆماری ئیسلامیان خستە بەر گەمارۆی خۆی، «ئاغای حەسەن رووحانی» لە نێو خۆی وڵاتیشدا بۆ راکێشانی سەرنجی بیروڕای خەڵکانی ئێران، بە دەرکردنی بابەتێك بە ناوی «بەڵگەنامە»، کە بابەتی جۆراوجۆری لە خۆوە گرتووە، ویستی را و بیری خەڵکانی ئێرانی پێوە خەریك بکات. لە بەڵگەنامەکەدا ئاماژە بەو بابەتانە کراوە کە ماوەی ٣٥ساڵە لە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیدا تۆمار کرابوون و تاکوو ئێستا بە کردەوە لە هیچکام لە دەوڵەتەکانی رابردوودا، کە حەسەن رووحانی بۆ خۆی بەرپرسایەتیی گەورەی هەبووە هەنگاوی بۆ هەڵنەگیراوە، ئێستا بۆ خەڵك جێی پرسیارە چۆنە رووحانی وەبیری هاتووەتەوە و پرسیار دەکەن، ئایا لە چوارچێوەی ئەو سیستەمەدا کە بۆ خۆشی باوەری هەیە، ئەو خاڵانەی نێو بەڵگەنامەکە بۆی جێبەجێ دەبێ؟

ئێمە وەك یەکیەتی ژنان چەند دەیەیە هاواری ژنانی بێبەشکراو لە هەموو مافەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران بە گشتی و ژنانی کوردستان بە تایبەتی بە بیروڕای گشتی جیهانمان گەیاندووە، بە داخەوە لە بەڵگەنامەکەی رووحانی تەنیا ئاماژەیەکی بچووکیش بە مافی ژنان نەکراوە و هەروەك جاران ژنان لە فەرهەنگی کۆماری ئیسلامیدا، بێماف هێشتراونەتەوە.

لە دۆخێکی وا کە خەباتی ژنانی جیهانی پێی ناوەتە قۆناغێك، کە هەر رۆژەی لە گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا کۆڕ، کۆنفرانس، کۆبوونەوە و کۆنگرەی تایبەت بە کێشەی ژنان دەگیرێت و ژنان لە وڵاتانی دێموکراتیکدا رۆژ بە رۆژ مافی پتریان لە یاسادا بۆ دادەندرێ و تەنانەت بەرپرسایەتی گرنگی وەکوو، سەرۆك کۆماری، وەزیری، دادیاری، ئیداراتی دەوڵەتی و کۆمپانیا گەورەکانیان پێ رەوا دەبیندرێ کە بە داخەوە لەم دەورەی سەرۆك کۆماریی رووحانیدا تەنانەت یەك وەزیر یان بەرپرسی دەوڵەتی نابیندرێ . ئایا ئەوەیە ئەو گۆڕانکارییانەی «حەسەنی رووحانی» کە هیچ مافێك بۆ ژنان کە نیوەی کۆمەڵی ئێرانن بە رەوا نازانێت؟

ژنانی کوردستان سەرەڕای ستەمی سیستەمی کۆماری ئیسلامی کە بە سەریدا سەپاندوون، ستەمی نەتەوایەتیش، ستەمێکی دووقاتە کەوتووەتە سەر شانیان. ئایا «حجتالاسلام حەسەن رووحانی» ئامادەیە ستەمی نەتەوایەتی گەلی کورد چارەسەر بکات؟ ئەگەر ئاغای رووحانی بتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بە راشکاوی بداتەوە ئێمەش دەتوانین متمانەی بە گۆڕانکارییەکانی نێو سیستەم بکەین، دەنا چارەنووسی «ئاغای رووحانیش» وەکوو سەرۆك کۆماری و بەرپرسەکانی رابردووی ئەم نیزامە دەبێ!

# توندوتیژیی دەوڵەتی و یاساییکردنی کوشتنی ژنان

ئیلهام چاپچی

له فەرهەنگی کۆماری ئیسلامی‌دا، بە مەبەستی هەرچی زیاتر نزیك بوون بە خوا، مرۆڤ دەبێ بەسەر هەموو هەست و حەزەکانی جەستەیی خۆی زاڵ بێتەوە و کۆنترۆڵیان بکات، بە داخەوە ژن و بە تایبەت جەستەی ژن وەك سەرچاوەی جووڵاندنەوەی هەست و حەزە ئینسانیەکانی پیاو پێناسە کراون و دەبێ پیاو تا پێی دەکرێت، لە ژن دووری بکات هەتا تووشی خولْیا، جادووی ژنانە و سستی لە فیکر و ئیمان نەبێت! بەڵام بە هۆی نامومکین بوونی ئەم هەڵوێستە، (بە تەواوەتی دوور کەوتنی ژن و پیاو لە یەکتر) تەنیا ڕێگا چارەیەك کە دەمێنێتەوە ئەوەیە کە ژن لە ژێر کۆنترۆڵی پیاودا بێت. بۆیە زۆر جار، پیاو ـ کە ئەم ئەرکە وەك ئەرکی پیرۆز و سەرشانی خۆی دەزانێت ـ بۆ هەرچی باشتر بەڕێوەبردنی ئەرکەکەی روو دێنێتە لێدان، بێحورمەتی، شکاندنی کەسایەتی و تەنانەت کوشتنی ژن بە ناوی پاراستنی ناموس و شەرەف کە بە داخەوە یاساکانی کۆماری ئیسلامیش پشتیوانیی لێ دەکەن.

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە کە ئایا لە هەموو وڵاتانی موسڵمان هەر بەم شێوە و ئاستەی کە لە ئێران بەڕێوە دەچێ، توندوتیژی دژ بە ژنان هەیە؟ لەوانەیە جیاوازیی ئێران لەگەڵ هێندێك لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی حکومەت و ئیدئۆلۆژیەکی توندوتیژە کە بە داخەوە زۆربەی کردەوەکانیان لە ژێر ئاڵای یاسادا ئەنجام دەدرێت و کوشتنی تاوانبارەکان وەئەستۆی تاکەکانی کۆمەڵگایە، وەك کوشتن لە تۆڵەی کوشراودا (قصاص) لەبەر چاوی خەڵك، ئێعدام لە مەیدان و شەقامەکان و بە هەمان شێوە لەبەر چاوی خەڵك و قەتڵە ناموسیەکان. هەروەها بەرخوردی هێزەکانی ئینتیزامی لەگەڵ خەڵك و بە تایبەت بە بیانووی نەپاراستنی حیجابی ئیسلامی لەگەڵ ژنان، ئەشکەنجە، زیندانی کردنی خەڵکی بێتاوان بێ ئەوەی دادگایی بکرێن و مافی پارێزەریان هەبێت، حیجابی زۆرە ملی، شەلاق، سیاسەتە کۆمەڵایەتیەکان، یاساکانی دژ بە ژن و توندوتیژی کۆماری ئیسلامی و ... و دەیان نموونەی دیکە، بووە بە هۆی دروست بوونی کۆمەڵگا و تاکەکانی توندوتیژ کە ئەمەش هێندێك دیاردەی دیکەی وەدوای خۆی دەهێنێتەوە.

بە لەبەر چاو گرتنی حکومەتێکی وەها توندوتیژ، پەروەردەی کەسانێکی توندوتیژ شتێکی سەیر و سەمەرە نیە. ئەمڕۆکە کوشتن لەژێر ناوی پاراستنی ناموس یەکێك لە دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵگای ئێرانە، بڵاو بوونی رۆژانەی هەواڵی کوشتنی ژنان و کچانی بێتاوان لە راگەیەنەکان و ئامارەکان لەو بوارەیەوە،



سەلمێنەری ئەم راستییەیە.

بەشێکی بەرچاو لەو کوشتنانە کە لە لایەن پیاوەوە ئەنجام دەدرێت (لە ژێر ناوی پاراستنی ناموس)، سزادانێکی سەرەڕۆیی‌یە، لەو نموونانە کە پیاو بە هۆی دروست بوونی شك و دوودڵی، ژن، دایك، خوشك و یان کچی خۆی دەکوژێت، لە واقیعدا دەیهەوێ سزای ئەو کەسە بدات کە ئابڕوو و ناموسی بنەماڵەکەی لە مەترسی خستووەتەوە، سزادانێك کە ئەگەر قەرار بێت لە لایەن دەزگاکانی قەزایی و یاسا جێبەجێ بکرێت لەوانەیە بەو زووانە بە ئاکام نەگات و بەو شێوازە نەبێت، تەنانەت لە لایەن هێندێك پیاو و بنەماڵەدا، پرۆسەی دادگایی کردن شێوازێکە لە بێ ئابروو بوونی ئەو بنەماڵەیە و بە تایبەت باوکی بنەماڵە.

ئەم شێوازە کوشتنانە سەلمێنەری بوونی کۆمەڵگایەکی پیاوسالار و باوکسالارانەیە، کۆمەڵگایەك کە سزادانی کچ و ژن لە مافەکانی باوك، هاوسەر و برا ئەژمێردرێت. ئەمە فەرهەنگێکە کە بە داخەوە بە پشتیوانیی یاسا جێبەجێ دەبێت، هەر ئەوە کە لە یاسای قەزایی کۆماری ئیسلامی‌دا لە کاتی کوشتنی منداڵ بە دەستی باوکی‌یەوە، باوك (قصاص) ناکرێت و بە پێچەوانەی کوشتن (قتل)ەکانی دیکە سەزایەکی کەمی بۆ دیاری دەکرێت، هەروەها لە کوشتنی ژن بە دەستی هاوسەرەکەی کاتێ لەگەڵ پیاوێکی دیکە بیانبینێت مافی کوشتنی ئەو ژنەی هەیە، (لە حاڵێکدا ئەم مافە بۆ ژن لەبەر چاو نەگیراوە)، سەلمێنەری مەشروع بوونی کوشتی ژن بە دەست پیاوە.

# ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و سەرنجێکی ئاماریی

ئا: ئەوین مستەفازادە



کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ۱۹۹۹ی زایینی ڕۆژی ۲۵ نوامبری وەکوو ڕۆژی جیهانیی «بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان» دیاری کردووە و داوای لە وڵات و ڕێکخراوەکان کردووە لە ڕێگەی بەرنامە و فێرکاری، ئاگایی ژنان بەرنە سەر و یارمەتیدەری بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بن.

کۆمەڵگای ئێران و بە تایبەت کوردستان بە هۆی پێکهاتەیەکی سوننەتی، دان بە مافی ژنان دانانێن، یاساکانیش لە لایەن خۆیانەوە بوونەتە هۆی جیاوازی و توندوتیژی زۆرتر و ئەوەش بارودۆخ بۆ ژنان ئەستەمتر دەکات. لەو پێکهاتە سونەتیەدا بە هۆی بڵاوبوونەوەی هەندێك لە بەها مودڕنەکان و تارادەیێك بە ئاگاهاتنەوەی ژنان، خواستەکانی ژنان زۆرتر دەبێت کە ئەمەش لەگەڵ داب و نەریتی باو ناگونجێت، لەم بارودۆخەش دا بە هۆی نەبوونی یاسایەك کە پشتیوانی لە ژنان بکات، ژنان بەرانبەر خۆیان توندوتیژی دەکەن کە لە شێوەی خۆکوشتن و خۆسوتاندن ـ کە نیشانەیەکیشە بۆ نارەزایەتی دەربڕین ـ خۆی دەبینێتەوە. یاساکانی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە ئێران ڕوژ بە ڕوژ جیاوازی و توندتیژییەکان بەرانبەر ژنان زیاتر دەکەن، لە لایەکی دیکەشەوە قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان بارودۆخی ژنانیان لە ئێران سەختتر کردووە، بە تایبەتی ناوچە کوردنشینەکان کە لە شوێنە هەرە دواکەوتوو و دوورکەوتووەکانە، بارودۆخ بۆ ژنان دووقات دژوارترە. ژنان لەو ناوچانەدا لەگەڵ جۆرەکانی توندوتیژی کۆمەڵایەتی، ئابووری، جەستەیی و دەرونی بەرووڕوون، بەڵام سێ جۆری توندوتیژی بەرچاوترن: ۱. کوشتنی ژنان ۲. خەتەنەکردن ۳. خۆکوشتن.

لەگەڵ ئەوەشدا ئامارێکی تەواو دروست لەو توندوتیژییانە لە بەردەستدا نیە، ئەمەش خۆی جۆریکە لە توندوتیژی و جیاوازای کە ژنان تەنانەت دەنگیان بە گوێ هیچ کەس ناگات. شاردنەوەی توندوتیژییەکانی ناوماڵ بە هۆی نەبوونی یاسایەك بە ناوی توندوتیژی ناوماڵ و دانانی سزا و لێپرسینەوە بوونەتە هۆکار بۆ شاراوە بوونی توندوتیژییەکان. بە پێ ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی «کوردپا» لە سەرەتای ساڵی ۱۳۹۲ لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران ۵۲ ژن خۆیان کوشتووە و هەروەها ۱٤ ژنیش لە ناو ماڵ و زۆربەیان لە لایەن کەسوکاریانەوە ڕووبەڕووی توندوتیژی کوشتن بوونەتەوە. ٥ ژنیش و لەوانە ژنێك لەگەڵ منداڵە ۳ ساڵەکەی لە لایەن کەسانی نەناسراو لە دەرەوەی ماڵ کوژراون. ئامارەکان ئاماژە بەوەش دەکەن کە کوشتنە ناموسیەکان و خۆسووتاندن لە پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ئەردەبیل، کوردستان، ئیلام، کرماشان، خوزستان، سیستان و بەلوچستان، لوڕستان، هەمەدان، فارس و خۆراسان زۆرترە.

# ژنانی رۆژهەڵات و بەرخۆدانی رۆژهەڵاتی کوردستان

ئەسعەد ئەحمەدی

ژنانی رۆژهەڵات و بەرخۆدانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە سەردەمانێکە لانکەی بەربەرەکانی و بەرخۆدانە و تا ئێستاش تەم و سێبەری تاری ستەمی نەتەوایەتی باڵی بە سەردا کێشاوە، مەکۆیەکی پڕ لە راستیەکانی رۆژگارە کە بووە بە هێمای بەرگری لە ئازادی و مافی تاکەکەسی و ئازادیی گشتی لە کۆمەڵگادا،

لەم ناوچەیەدا توێژی ژنان هاوشانی توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا بەرەورووی زۆر ستەمی سیاسی و نەتەوایەتی بووەتەوە بەڵام جگە لەم ستەمە ستەمێکی تر کە ئەم توێژەی کردووە بە ئامانجی تیرەکانی خۆی ستەمی کۆمەڵایەتی بووە کە دەکرێ بڵێین بەداخەوە لە لایە ن خودی کۆمەڵگاشەوە کراونەتە ئامانج. ژنان لە رۆژهەڵات بەشێکی هەرە گرینگی شۆڕشە نەتەوەییەکان بوون و تەنانەت لە شۆڕشە چەکداری و چریکیەکاندا شان بە شانی پیاوانی کۆمەڵگا بەرگرییان لە ماف و ئازادیەکانی کۆمەڵگا کردووە هەمووکات کولەکەیەکی لە بن نەهاتوو بوون کە پیاوان بە درێژای خەبات پاڵیان پێوە داوە و وەك هێزێکی پشتیوان لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا شۆڕشی نەتەوەییان گەشە پێداوە. ئەمە ئەو راستیینەیە کە ژنانی رۆژهەڵات بە درێژایی ژیانیان باجیان بۆ داوە و عارەقیان بۆ رشتووە. ئەوەی جێگای تێڕامانە لەم بوارەدا ژنان سەرەڕای ستەمێکی سیاسی کە لە لایە ن دەسەڵاتدارانی وڵاتە وەبە هۆی یاسا نایاساییەکانیان خەڵاتیان دەکرێ لە لایەن توێژەکانی تری کۆمەڵگا بەرەو رووی تەنگ وچە لەمەی داب و نەریتە کۆن و رزیوە کۆمەڵایەتیەکان ئەبنەوە کە تا هەنووکە لە ناو کۆمەڵگای رۆژهەڵاتدا بە هۆی ناهوشیاری کۆمەڵگا و لاوازیی ئاستی بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا هەمبەر بە ماف و داخوازیەکانی ژن وەك تاکێکی بەرامبەر بە تاکەکانی رەگەزەکانیتری کۆمەڵگا بەردەوامە. ئەم دووبارە چەوسانەوەیە کە ژنی لە کۆمەڵگا تارادەیەك کردووە بە کۆیلە و مافەکانی پێشێل دەکات وای کردووە کە ژنان تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی گەورە بین و تێنەگەیشتنی پیاو لە بەها مرۆییەکانی ژن چەوساندنەوەکەی زیاتر و زیاترکردووە. سەرەڕای ئەم هەموو تەنگ و چەڵەمەیە کە کۆمەڵگا و دەسەڵات بەرەو رووی ژنانی رۆژهەڵاتی کردوەتەوە بەڵام دیسان ورەی بەربەرەکانی و رۆڵی سەرکەوتووانە لە کاروبارەکاندا لە ژنانی رۆژهەڵاتدا زیاتر و زیاتر گەشە دەکات و هەر ئەم مانەوەیە و بەربەرەکانی کردنە بەرامبەر بە ستەمە سیاسی و نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتیانەی کە بەرەو روی ژنانی رۆژهەڵات بووەتەوە هێمای توانایی هزری و جەستەیی ژنانە بووە ئەستۆ گرتنی ئەرکە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و چارەسەری کێشەکان لە تان و پۆی کۆمەڵگادا.



# شێرپەنجەی مەمک

کەنێر مێهفەر

شێرپەنجەی مەمك بریتییە لە گەشە و بڵاوبوونەوەی خانەکانی لەش بە شێوەیەکی ناسرووشتی لە دەرەوەی مەمك. لە تەواوی جیهاندا ئەم نەخۆشییە بەربڵاوترین جۆری شێرپەنجەیە لە ژناندا و یەکێکە لەو جۆرە شێرپەنجانەی کە دەتوانرێت چارەسەر بکرێت وەکوو هەموو شێرپەنجەکانی تر، شێرپەنجەی مەمکیش لە یەك خانەوە دەست پێدەکات، خانەکانی لەش بچووکترین بەشی پەیکەرەی مرۆڤن کە دەتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ چالاکی بکەن بە شێوازێکی یاسایی لە چوارچێوەی سیستەمی ژنێتیکی خۆیان گەشە بکەن و دوای گەیشتن بە گەشەی تەواو دەوەستن، بەڵام خانەکانی تووشبووی شێرپەنجە زۆر خێراتر گەشە دەکەن تا ئەو جێگایەی کە خانەکانی ساغی تری لەشیش لە ناو دەبەن. خانەکانی تووشبووی شێرپەنجە ناتوانن لە گەشە کردن بوەستن کە ئەم گەشە کردنە خێرایەش لە ئەنجامی گۆرانکاری لە مادەی ژنێتیکی ناویاندایە. خانەکانی تووشبووی شێرپەنجە دەتوانن لەو گرێیەی کە دروستیان کردووە بێنە دەرەوە لە رێگەی خوێن یا تەوژمی (لەنف) بچنە ناو ئەندامانی تری لەش وەکوو، جەرگ و بۆری هەناسە یان ئێسکەکان، بۆیە کاتێ سەردانی دوکتۆری تایبەت دەکرێت پێش هەموو شت چەندین پشکنینی جۆراوجۆر بۆ نەخۆشەکە دەکات تا بزانێت ئایا شێرپەنجە لە دەرەوەی خانەکانی مەمك بڵاو بۆتەوە یا نە. بە شێوەیەکی مام ناوەندی بڵاوبوونەوە و زیادبوونی خانەکانی شێرپەنجەیی لە هەر مەمکێکدا ماوەی ( ١٠٠) رۆژ دەخایەنێت، بۆ دروست بوونی گرێیەکی شێرپەنجەیی ١سانتی مەتری نزیکەی ١میلیارد خانە پێویستە و زۆربەی شێرپەنجەکانی مەمك نزیکەی (٦-١٠) ساڵ بەر لەوەی ببێتە گرێیەك (غوودە) یا لە ماموگرافیدا ببینرێت دروست دەبێت، زۆربەی شێرپەنجەکانی مەمك گەشەیەکی ئارام و لەسەر خۆیان هەیە و هێندێکیشیان بە پێچەوانە چەندین بەرابەر خێراتر گەشە دەکەن.

مێژووی شێرپەنجەی مەمك

نەخۆشی شێرپەنجەی مەمك یەکێکە لەو نەخۆشیانە کە لە قۆناغەکانی رابردووشدا لە هێندێ دەستنووس ئاماژەی پێکراوە کە بۆ یەکەم جار ئەم نەخۆشییە لە لایەن میسریە کۆنەکانەوە بینراوە و چارەسەریان بۆ دۆزیوەتەوە کە لە دەستنووسە مێژوویەکانیان (١٦٠٠ ساڵ پێش زایین) لە کاغەزێك بە ناوی (ئێدوین ئێسمیت) ئاماژەی پێکراوە کە باس لە شێوازەکانی چارەسەری ئەم نەخۆشییە دەکات کە ئەو بەشە لە مەمك کە گرێیەکەی تێدا دروست بووە دەسووتێنرا یان داغ دەکرا.

جیاوازی غودەی کەم مەترسیدار و مەترسیدار (خۆش خیم و بدخیم)

لە غوودەکانی کەم مەترسیدار گەشەی خانەکانی تووشبووی شێرپەنجە لە قۆناغێکدا دەوەستن بەڵام لە غوودە مەترسیدارەکاندا بە شێوەیەکی کۆنترۆڵ نەکراو گەشەی خانەکانی شێرپەنجەیی بەردەوام دەبێت و هەموو بەشەکانی لەش دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و نەتوانرێت چارەسەری بۆ بکرێت.

جۆرەکانی شێرپەنجەی مەمك

شێرپەنجەی مەمك پێوەندیدارە بەو گرێیە شێرپەنجەییە کە لە هەر کام یەك لە خانەکانی مەمکدا دروست دەبێت، مەمك لە خانەکانی شیردروستکەر، خانەکانی بۆری شیر و خانەکانی راگر(نگهدارندە) پێکهاتووە و لە هەر مەمکێکدا ١٥ تا وەکوو٢٠ بەش بە ناوی (لوب) هەیە کە ئەوانیش لە بەشێکی بچووکتر بە ناوی (لوبوول) پێکهاتوون. لوبوولەکان لە رێگەی بۆری شیر بە یەکترەوە لکاون و هێندێك لە خانەکانیان ئەرکی شیر دروست کردن و هێندێ ئەرکی گواستنەوە و ئەوانی تر ئەرکی تریان هەیە. کەواتە دەبێ بزانرێت شێرپەنجەکە لە کام یەك لە خانەکانی مەمکدا سەری هەڵداوە. بەربڵاوترین جۆری شێرپەنجەی مەمك شێرپەنجەی بۆریەکانی شیرە کە لە یەك لە سەر چواری بەشی سەرەوە و دەرەوەی مەمك دروست دەبێت.

نیشانەکانی شێرپەنجەی مەمك

١/بوونی گرێیەك لە مەمکدا

بەربڵاوترین نیشانەی شێرپەنجەی مەمك بوونی گرێیەکە لە مەمکدا کە زۆربەی جار لە لایەن خودی نەخۆش هەستی پێدەکرێت و لەوانەیە ئێشێکی زۆری هەبێت یا بێئازار و ئێش بێت و زۆر جار گرێیەکە رەق و بێجوولە و نووساون بە دەورووبەری مەمك.

٢/دەردانی جراحات لە گۆی مەمك

بە شێوەیەکی گشتی دەردانی جراحات لە گۆی مەمك لە کەسی تووشبوو زۆربەی جار بە شێوەی خوێنێکی گەش یا خوێناو و بێرەنگە، دەردانی خوێن یان ئاوێك کە لە یەك مەمك و لە یەك بۆری دێتە دەر و گرێیەکیشی لە گەڵدایە مەترسی تووشبوون بە شێرپەنجە زیاتردەکات کە لەوانەیە بەم شێوانە بێت:

الف - دەردانی خوێن یان ئاو

ب - دەردانێك کە بۆ خۆی و بێهیچ زەخت کردن لە مەمك بێتە دەرەوە

ج - دەردانێك کە لە یەك مەمك و لە یەك بۆری گۆی مەمك دێتە دەرەوە

د - دەردانێك کە گرێیەکی لە گەڵدایە






٣/گۆرانکاری پێستی مەمك

ئەم گۆرانکاریە زۆر جار بە شێوەی چوونە ناوەوە یان لێك کێشرانی پێستی مەمك دەبێت و هەروەها گۆرانی شێوەی قەوسی دەوروبەری گۆی مەمك دەتوانێت هێمایەك بێت بۆ بوونی خانەی شێرپەنجەیی لە مەمکدا. لەوانەشە پێستی مەمك بریندار بکات، ئەستوور بوونێك کە وا نیشان بدات مەمك لە پێستی پرتەقالێك بچێت نیشانەیە بۆ پێشوەچوونی شێرپەنجە لە نەخۆشەکەدا.

٤/گۆرانکاری لە گۆی مەمك

لە هیندێ جۆری شێرپەنجەی مەمکدا کە بە نەخۆشی (پاژە) ناسراوە گۆرانی گۆی مەمك بە شێوەی جراحاتی حەساسیەی پێست وەکوو خووڕان، زوورانەوە، سوورهەڵگەران، رەق بوون و قەلشینی گۆی مەمك دەردەکەوێت.

٥/گەورە بوونی گرێیەکانی لەنفاوی ژێر بال

خانەکانی شێرپەنجەیی یەکەم بەش کە هێرشی بۆ دەکەن غوودەکانی لەنفاوی ژێربالن، زۆر جار گەورەیی ئەم غوودانە وادەکات هەست بە گرێی شێرپەنجە نەکرێت کە درووست بووە، بۆیە باشترین رێگا چوونە لای دوکتۆر و کردنی کرداری مامۆگرافیە.

٦/گۆرانی قەبارەی مەمك

٧/هێرش کردنە سەر ئەندامانی تری لەش(متاستاز)

زۆر جار شێرپەنجەی مەمك خۆی بێئازارە و لە مەمکدا هیچ نیشانەیەك دروست ناکات بەڵام بە شێوازی ئازار و ئێش لە شوێنێکی تایبەتی لەش یا تەنگی هەناسە زەردی و گەورەبوونی جەرگ خۆی دەنوێنێت.

چیرۆکی رۆبانی پەمەیی (قرتێلەی پەمەیی)

رۆبانی پەمەیی چیرۆکی خەبات بۆ بەردەوامی ژیان لە دەست نەخۆشیەکی کووشندەیە کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٢زایینی (شارلۆت هایلی) کە خۆی یەکێك بوو لە نەخۆشانی تووشبوو بە شێرپەنجەی مەمك بە مەبەستی گەیاندنی زانیاری گشتی لەبارەی ئەم نەخۆشییە بۆ بە ئاگادار کردنی خەڵك لە مەترسی و جیددییەتی ئەم نەخۆشییە، هەستا بە رازاندنەوەی پۆستەر و کارتی پیرۆزبایی بە رۆبانی پەمەیی و بڵاوکردنەوەیان لە ناو سوپەرمارکێتەکان و لە ناو ژنان و نووسەران و هەموو خەڵك، تا وای لێهات بوو بە هێمایەکی جیهانی کە هەموو ساڵێك لە (١ هەتا ٣١ ی مانگی ئۆکتۆبر) وەکوو مانگی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ شێرپەنجەی مەمك خەڵك بۆ رێز گرتن لەو کەسانەی بە دەست ئەم نەخۆشیەوە دەناڵێن رۆبانی پەمەیی لە بەرۆکیان دەدەن و هاوخەمیی خۆیانیان لەگەڵ دەردەبرن.

زۆرن ئەو کەسایەتیە ناسراو و مێژووییانەی کە تووشی شێرپەنجەی مەمك هاتوون و گیانیان لە دەستداوە وەکوو ئاتووسا کچی کوورۆشی کەبیر، ئان ئۆتریش دایکی لوویی چواردەیەمی پاشای فەرانسا، هێلێن بلاك وود شاعیر و نووسەری بریتانی، کووشا وێن بووگێن پەیکەرسازی ئالمانی، ئانا ماری لێنگێرن شاعیر و نووسەری سویدی، کلارا هیتلێر دایکی ئادۆلف هیتلر، ویرجینیا کلینتۆن دایکی بیل کلینتۆن، مۆنالیزا پۆرسیانێن وەرزشوانی راکردنی خێرای فینلەندی، ماری ئازلی مارتین قەشەی فەرانسەوی و ئۆریانا فالاچی رۆژنامە نووسی ئیتالی.

# قاچاخی ئافرەتان

مارکۆ

**بەشی یەکەم**

چین بەندی تاوانەکان لە ناو یاسای نێونەتەوەیی لە روانگەیەک دوو بەشە. بەشێکیان تاوانەکانی وەکو جینۆساید، تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانە سەر بە شەر و پێکدادانی چەکدارانەن کە دەولەتەکان بەرژەوەندییەکیان لە بەدواکەوتن یان کێشانە دادگای بکەرەکانیان نییە، مەگەر خۆیان قوربانی ئەو تاوانانە بن، هۆیەکەی دیکەشی دەگەرێتەوە رۆلی دەولەتاکان لە روودانی ئەو تاوانانە کە بە شێوەیی بێدەنگی، پشتیوانی لە رودان، بەشداری راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ وە چاوپۆشی کردن، یارمەتی بە رودانیان دەگەیەنن. بە واتایەکی دیکە ئەم تاوانانە هەمیشە سیاسەت یان پێڕەوێکی دەولەتی یان رێکخراوەییان لە پشتەوەیە، زۆر جاریش ئەو تاوانانە لەلایەن رێکخراوەیەک یان کۆمەلێک مرۆڤ رو دەدرێن کە پەیوەنددانی ئەوان بە دەولەتێک زۆر جار ئاستەمە.

بەشەکەی دیکە ئەو تاوانانەن کە بە جورێک دژ بە دەولەتەکان و بەرژەوەندیەکانیانن و جاروبار سنوری دەولەتەکانیش تێدەپەرێنن و دەبنە کۆسپ لە بەردەم کۆمەلگایی نێونەتەوەیی، یان بە هۆیی سروشتیان لە کەشو هەوایەک رو دەدەن کە لە ژێر دەسەلاتی هیچ دەولەتێکدا نییە (بۆ وێنە دزی زەریایی کە لە زەریای ئازاد رو دەدات کە هەموی مرۆڤایاتی مافەکی یەکسانیان لە کەلک وەرگرتن لەوێدا هەیە). ئەو تاوانانە بریتین لە قاچاخی مرۆڤ، دزی زەریایی، قاچاخی مادە هۆشبەرەکان و چەک و تەقەمەنی، کۆیلەداری .. تاد.

شتێکی جێی سرنجە ئەوەیە کە تاوانەکی وەکو تیرۆریسم وێدەچێت بچێتە نێو چینی تاوانەکانی بەشی ئەوەل، چونکە لە رۆژگاری ئەورۆدا بە قەدەخە بوونی هەر چەشنە کردەوەیەکی تیرۆریستی لە لایەن کۆمەلگایی نێونەتەوەیی، ئەوە سەلمێندراوە کە لەو کەشو هەوایە قاچاخەدا دەبێت لە پشتی زۆرێک لەو کردەوانە یارمەتی یان هاندانی دەوڵەتی لە ئارا دابێت. ئەوەش کۆمەک دەکات کا بە نیسبەت رابردوو گرینگیەکی زۆرتر بە تیرۆریسمی دەولەتی بدرێت.

بەلام قاچاخی ئافرەتان چییە و چ جیاوازیەکی لەگەل لەش فرۆشی هەیە؟

کۆمەڵگایی نیونەتەوەیی بۆ بە تاوان ناساندنی ئەم دیاردەیە هەنگاوەکانی زۆر شل بوونە، بە تایبەت کە زۆرینەی ئەم تاوانە لە نێوان هەلومەرجی شەرو پێکدادانی چەکدارانە کە بۆخۆی وەک دیاردەیەک هۆی پێشێلکردنی هەمو مافەکانە یان لەو کۆمەڵگایانە روی دەدات کە بە هۆی لاواز بوونی





دەوڵەت و باری ئابووری، یان دەوڵەت کۆنترۆڵی وڵاتی لەدەست داوە وە ئەوەش مەودا ساز دەکات بۆ ئەو کردەوانە. زۆر جاریش ئەندامەکانی دەوڵەت دەستیان لەو کردەوانەدا هەیە، بۆ وینە کەیسی هەژدە کچە ئەنفالکراوەکانی باشۆر کە بە شیوەیەکی رەسمی ناردراونەتە وڵاتی میسر بە مەبەستی چەوساندنەوەی سێکسی و لەش فرۆشی، کە ئەگەر لێکۆلینەوەیەکی تیرۆ تەسەلی لەسەر بکرێت لەوانەیە بیتە وەدەر کەوتنی بەرپرسیاریەتی هەردوک دەوڵەتی میسر و عێراق.

تەنیا یاک پەیماننامەیی نێونەتەوەیی لە سەر قەدەغە کردنی قاچاخە مرؤف هەیە کە قاجاخی ئافرەتانێش لە خۆ دەگریت، ئەویش پرۆتۆکۆلی (٢٠٠٥)ی پالێرمۆیە کە چەندین ئەرک وەئەستۆیی دەولاتاکان دەخات کە تێیدا بکەرەکان نەک دەبێت بدرێنە دادگا بەلکو هەمۆ هەولەکانیان وەگەر بخەن بۆ بەربەرەکانی و رێگری لە هەمۆ جورە کردەوەیەک کە ئامانجەکەیی قاچاخی مرۆفە.

هەرکردەوەیەک کە بە قاچاخی مرۆف پێناسا دەکرێت دەبێت سێ فاکتەر یان بنەمای هەبێت: کردەوە، ئامراز و مەبەست کە بەبێ بوونی هەرسێکیان ناتوانرێت هیچ کردەویەک بە قاچاخی مرۆف پیناسە بکرێت. هەلبەت کاتێک کردەوەو ئامراز لەگۆرێ بن بەلام مەبەست بوونی نەبێت، ئەو دوانە بێکەڵک دەبن. چەوساندنەوەی لەش فرۆشانە و شێوەکانی تری چەوساندنەوەی سێکسی، کار یان نۆکەری بە زۆرەملی، کۆیلەی و کردەوەکان و رۆوەکانی دیکەی کۆیلەی، نۆکەری و دەرهینانی ئەنامانی لەش، هەمویان بە مەرجی هەبوونی سێ فاکتەرەکە دەتوانرێت چەمکی قاچاخی مرۆف بێنەوە بیر. جێی ئاماژەیە کە هەر کردەوەیەکی لەش فرۆشی بە مانای قاچاخی سێکسی نییە ،وە سنورێک بۆ ئەو جیاوازیە بوونی هەیە. حەتا رەزاماندی کەسی قاچاخ کراو یان بوونی زانیاری لە لای ئەو لەسەر ئامانجی بەکارهێنانی وی بۆ پیشەی سێکس یان لەش فرۆشی ئەو کەسە لە پێناسەکردن وەک قوربانی رێگری ناکات. مەرجیش نییە کە ئافرەتی قاچاخ کراو ببریتە دەرەوەی زێدەکەی، وە هەروەها ئەو دیاردەیە لە سنور تێپەراندنی مرۆفە کان بۆ ولاتەکە دیکە جیاوازە، چونکە مەبەست لە قاچاخی ئافرەت یان قاچاخی مرۆف چەوساندنەوەی کەسی قاچاخ کراوە، لە حالێکدا سنور تێپەراندن پەیوەندی بە تیپەراندنی سنورە نیونەتەوەییەکان لە لایەن کە س یان کەسانی کۆچبەر بە هەر شێوەیەکی نایاسایی هەیە.

# ژنانی شۆڕش

ئاویەر شێخی

ژنانی کورد وەکوو نیوەی کۆمەڵگای کوردستان، شان بە شانی پیاوان لە هەموو قۆناغە دژوارەکانی خەباتی مافویستی و رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد بەشداربوون و نرخیان داوە. هەزاران ژنی کورد هەبوون و هەن کە لە قۆناغە ئاستەم و دژوارەکانی خەبات رووبەڕووی هەموو ناخۆشییەکان بون و لەگەڵ هاوڕێ و هاسەرانیان لە خەباتی ئازادیخوازانەدا بەشدار بوون. ئەم زنجیرە دیمانە لەگەڵ ژنانی شۆڕش، دەلاقەیەکە بۆ ناسینی ئەو ئازار و ناخۆشییانەی ژنان کە لەنێو شۆڕشدا رووبەڕوویان بۆتەوە و بە هیواداربوون بە ئازاد بوونی نیشتیمانە داگیرکراوەکەیان لە هیچ فیداکاری و ئەمەگناسییەک درێغیان نەکردووە. لەم ژمارەی گۆڤارەکەمان هەڤپەیڤینمان لەگەڵ یەکێک لەو ژنە تێکۆشەرانەی کورد خاتوو «مرواری مەجنونی» پێک هیناوە.

ـ دەکرێ خۆتان بە گۆڤاری ژنان بناسێنن؟

ـ من مرواری مەجنونی، ناوی باوکم محەمەد، ناوی دایکیشم مەهنازە.

ـ خەڵکی کوێن و ساڵی چەند لە دایك بوون؟

ـ من خەڵکی گوندی ئاڵی بلاغ سەر بە شارستانی سەڵماس و ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لەم گوندە لە دایك بووم. ـ رادەی خوێندەواریتان چەندە ؟

ـ بەداخەوە لەبەر ئەوەی گوندەکەمان قوتابخانەی لێ نەبوو نەمتوانی دەرس بخوێنم، بۆیە منیش وەك بەشێکی زۆری ژنانی کوردستان لە خوێندن بێ بەش بووم.

ـ چۆن لەگەڵ حیزب ئاشنا بوون و چەن ساڵە ئەندامی حیزبن؟

ـ بەهۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆری ئەندامانی حیزب و بەتایبەتی رێبەریی حیزب لەناوچەی ئێمە بوون، بۆیە منیش لەو ڕێگەوە لەگەڵ حیزب ئاشنا بووم، وە لە گوندی گەر گولی سەروو، سەر بەشاری نەغەدە هاتمە ناو حیزب و شێوەی فەرمی بوومە ئەندامی حیزب لە ساڵی ١٣٥٩ ی هەتاوی ...٣٣ ساڵە ئەندامی حیزبم و خزمەت بە گەل و نیشتمان دەکەم.

ـ چۆن لەگەڵ هاوسەرەکەت ئاشنا بوون و چەند ساڵ بەسەر ژیانی هاوبەشتانە تێ دەپەڕێ؟

ـ بەهۆی ئەوەی هاوسەرەکەم پێشمەرگە بوو منیش لەناو حیزبدا بووم، بەم شێوەیە لەگەڵ هاوسەرەکەم ئاشنا بووم وە ماوەی ٢٠ ساڵە ژیانی هاوبەشمان پێك هێناوە.

ـ ئایا بنەماڵەکەت هیچ کێشەیەکیان هەبوو لەسەر هاوسەرگیری ئێوە کە هاوسەرەکەتان پێشمەرگەیە ؟

ـ بەخۆشیەوە بنەماڵەی من هیچ کێشەیەکیان نەبوو لەگەڵ هاوسەرگیری ئێمە.

ـ چۆن لەگەڵ رێکخراوی یەکیەتی ژناندەوە ئاشنا بوون ؟ وە چەند ساڵە ئەندامی یەکیەتی ژنانن؟

ـ من لەرێگەی سەکینە جەوانمەرد کە ئەو کات بەرپرسی یەکیەتی ژنان بوو، لەگەڵ رێکخراوی یەکیەتی ژنانەوە ئاشنابووم و ماوەی ٢٦ ساڵە ئەندامی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانم.

ـ تا چەندە هەوڵتان داوە بۆ هێنانەدی مافەکانی ژنان ؟

ـ من وەك شەخسی خۆم و لە ئاستی خۆمەوە هەوڵم داوە بۆ بە دەست هێنانی مافە رەواکانمان وە لەو



پێناوەشدا ئامادەم هەر کارێك بکەم.
- چەند منداڵتان هەیە ؟ چوار منالم هەیە بە ناوەکانی : چنار، هەژیر، چرۆ، شووشە.
- دەکرێ هەندێك باسی ژیانی خۆتانمان بۆ بکەی ئەوکاتانەی کە هاوسەرەکەتان لە مەنەتەقە بوون؟ ژیانتان جۆن بوو؟
- ئەوکاتانە پێشمەرگە دەچووە مەنتەقە ژیانێکی زۆر ناخۆشمان بەرێ دەکرد، بەتایبەتی ئەوکاتانەی کە خۆشمان لە ناوچە بووین هێشتا نەهاتبووینە عێراق ئەو کاتە پێشمەرگەش لە شاخ بوون، بەشەو دەهاتنە خوارەوە، کاتێ جاش و پاسدار دەهاتن دەیان پرسی مێردەکانتان لە کوێیە؟ دەمانگوت شوانن یان چون بۆ شار، جارێکیان لەشەڕی «دایمە» لەگەڵ هاوسەری شێخ محەمەد بلباسی دانیشتبووین کە ئەو کات شێخ محەمەد بریندار بوو لەماڵی ئەوان بووین، جاش و پاسدار هاتن و خۆیان کردبووە پێشمەرگە، هاوسەرەکەی شێخ محەمەد یەکسەر زانی کە پێشمەرگە نین، جارێکی دیکەش لە شەڕی سێلەکە جاش و پاسدار هاتنە ناو ئاوایی ئێمە و ئێمەش بەڵگەی حیزبیمان لابوو، هەمووما‌ن سوتاند پێشمەرگەش لە ژوورەوە خەوتبوون. ئەو کاتانە پێشمەرگە زۆر بە کەمی دەهاتنەوە ماڵ، جارێکی لە شەڕی خەلیفان جاشەکان دەسدرێژیان کردە سەر کچێك .
- ناخۆشترین بیرەوەریتان ؟
- بیرەوەریە ناخۆشەکان زۆرن بە تایبەتی ئەوکاتانەی کە لە «شومال» لە ماڵی باوکم بووم جاش و پاسدار وازی لێ نەدەهێنایین، دەیانگوت دەبێ بێی لەگەڵمان وە جارێکیش من تفەنگم لە جاشێك کێشا، هەروەها ئەو کاتانە کە هەواڵی شەهید بوونی براا پێشمەرگەکانمان پێ دەدرا، بۆ ئێمە زۆر سەخت بوو. هەرە ناخۆشترین بیرەوەریم شەهید بوونی کاك د.قاسملوو بوو.
- خۆشترین بیرەوەریتان ؟
- رۆژی خۆشم لە ژیانی خۆم نەدیوە، هەر دەربەدەری و ئاوارەیی و نەبوونی. بەڵام هیوام بۆ داهاتوویەکی گەش وای لێکردووم کە تەنانەت لە ناخۆشییەکانیش بیری داهاتوویەکی روون بۆ کوردستانی ئازاد بکەم و هەموو ئێش و ئازارەکانم کەم بکەمەوە.
- دوا وتە تان بۆ گۆڤاری ژنان چییە ؟
- هیوای سەرکەوتن بۆ گۆڤاری ژنان دەخوازم و هیوام وایە هەروا بەردەوام بن لە کارەکانتان، بە هیوای باشترین بۆ ئێوە.
- گەورەترین ئارەزووتان چیە؟
- رزگار بوونی کوردستان و گەرانەوە بۆ باوەشی کەس و کارمان.

دیمانە: هەیئەت کامرانی‌پوور

# ڕاپۆرت/ ۲۵ی نۆڤامبر ڕۆژی جیهانیی بەرنگاری لەگەڵ توندوتیژی لە دژی ژنان

**مەحبووبە حوسێنی، چالاکی مافی ژنان ـ ئەمریکا**

**کوردستان میدیا: لە بەرەبەری ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ توندوتیژی دژ بە ژنان داین، دۆخی هەنووکەیی توندوتیژی دژ بە ژنان لە ئێران و بە تایبەتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە چ ئاستێک دایە؟**

**حوسێنی:** زۆر بە داخەوە هەنووکە ئاستی توندوتیژی دژ بە ژنان لە ئاستێکی خراپ دایە و ئێمە ڕۆژانە شاهیدی ئەنواعی توندوتیژی دژ بە ژنان لە ئێران و بە تایبەتی لە کوردستان داین. زۆر بوونی و ئاست بەرزی توندوتیژییەکان بە نیسبەت ژنانەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا و لە پارێزگا کوردنشینەکانی ئێراندا (ئیلام، سنە، کرماشان، ئورمیە) وای کردووە کە ئاماری خۆکوشتن و خۆسووتاندنی ژنان و کچان لەم ناوچانەدا بە تایبەت لە کرماشان و ئیلام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕووی لە زیادبووندا بێت.

**کوردستان میدیا: بەردەوامی توندوتیژی لە دژی ژنان بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

**حوسێنی:** هۆکاری بەردەوامی توندوتیژی دژ بە ژنان لە ئێراندا زۆرتر بۆ نیزامی ڕێژیمی ئێران کە نیزامێکی پیاوسالارە دەگەڕێتەوە کە بە حوکمی پیاوسالارانە بوون لە هەموو بارێکەوە پشتیوانی لە پیاوان دەکات و ئەوەش ڕێگا خۆش کەرە بۆ بەردەوام بوون و تەنانەت زۆرتر بوونی توندوتیژی دژ بە ژنان لە ئێران. ڕاستە کۆمەڵگای ئێران بە گشتی لە بواری ڕۆشنبیرییەوە لە ئاستێکی نێونجی دایە و تاکەکان دەبێ ڕۆشنبیر بن، بەڵام ئەم ئاستی ڕۆشنبیرییە لە نێو تاکەکاندا بە تایبەت لە ناوچەکانی پاراوێز و دەوروبەری ئێران تاکەکان بە ئاستی ڕۆشنبیری نەگەیشتوون و لە بارەی مافی ژنانەوە جوان بیر ناکەنەوە و هەر ئەم نائاگا بوونە بە مافی تاکەکان بە تایبەت



ژنان یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی توندوتیژی دژ بە ژنانە.

**کوردستان میدیا: هۆکارەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان کامانەن؟**

**حوسێنی:** هەروەها کە ئاماژەم پێدا حکوومەتی پیاوسالارانە و زۆر بە داخەوە سەرەڕای ئەوەی کە تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمە ئاشنا بە مافەکانی ژنان نین و بەو ئاستی ڕۆشنبیرییە نەگەیشتوون و ئەگریش لە بواری ڕۆشنبیرییەوە لە ئاستێکی باشدا بن هەر وەک ئەو کەسانە لەگەڵ ژنان هەڵسوکەوت دەکەن کەلە ئاستێکی نزمی ڕۆشنبیریدا بن. توندوتیژی لە کۆمەڵگای ئێمەدا تەنیا ئازاری جیسمی نییە، بەڵکوو زۆرتر ئازاری ڕۆحی و دەروونییە کە ئەم توندوتیژییە زۆر مەترسیدارتر و شوێندارنەرتر دەبێت و چینی ڕۆشنبیری کۆمەڵگاش ڕۆڵیان هەیە لە ئەم ئازار و توندوتیژییانەدا.

## منیره کانی سیران، چالاکی مافی ژنان، کۆیه

**کوردستان میدیا: رای ئێوە سەبارەت بە توندوتیژیی «شاراوە» واتە توندوتیژیی ناوماڵ کە بە شاراوەیی دەمێنێتەوە چییە؟ و هەتا چ رادەیەک لە کۆمەڵگای ئێران بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی بوونی هەیە؟**

**کانی سیران:** بە داخەوە توندوتیژیی ناوماڵ هەم لە کۆمالگای ئێران بەگشتی و هەم لە کوردستانیش بەتایبەتی یەکێک لە بەربلاوترین شێوەکانی توندوتیژییە دژ بە ژنان کە ئەویش شێوەیەکە لە شێوەکانی توندوتیژی کە رۆژانە لە پشت دەرگا داخراوەکاندا نیسبەت بە ژنان روو دەدات. چەندین هۆکاری لە پشتە کە ئەم شێوە لە توندوتیژییە زۆرتر بە شاراوەیی دەمێنێتەوە و کەسانی دیکی لێی ئاگادار نابن، یەکێک لەو هۆکارانە بێ‌دەرەتانی و نەبوونی سەربەخۆیی ئابوورییە، بەردەوام ترس لەوە هەیە کە ئەگەر بارودۆخەکە قەبووڵ نەکەن و هەوڵ بۆ رزگاری بدەن، ئیدی هیچ سەرپەنایەکیان نامێنێت و ئەوەش کە هەیانە لە دەستی دەدەن. هۆکارەکەی دیکە ئەوەیە کە لەلایەن ئەو کەسانەی کە توندوتیژییان لەهەمبەردا دەکرێ، دەکەونە بەر هەڕەشەی توندی ئاشکرا نەکردنی بابەتەکە، بە تایبەت توندوتیژی جینسی کە زۆرتر لەبەر هەستی شەرم کردن و هەروەها لەبەر ئەوەی کە دواتر لەلایەن کۆمەڵگاوە بە چاوێکی سووکەوە سەیریان نەکەن بە شاراوەیی دەمێنێتەوە. چون بە داخەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەو جۆرە کەسانە بە تەواوی لەلایەن کۆمەڵگا و کەسانی دەوروبەریانەوە لە پەراوێز دەخرێن.

**کوردستان میدیا: بە پروای ئێوە مەترسیدارترین جۆری توندوتیژی کامەیە؟**

**کانی سیران:** هەموو جۆرەکانی توندوتیژی کە برین لە جەستە کەرامەت و کەسایەتیی مرۆڤەکان دروست بکات مەترسیدارە و کردەوەیەکی دژە مرۆیی‌یە، چەندین شێوازی توندوتیژیمان هەیە کە هەرکام بە شێوەیەک لە شێوەکان مە ترسیدارن. بەڵام لە هەمویان مەترسیدارتر لە دەست دانی گیانی مرۆڤەکانە بە هۆی ئەم دیاردەیە. رۆژانە شاهیدی ئەم جۆرە توندوتیژییانە دەبین کەلە ژێر ناوی قەتڵی نامووسییەوە بەرێوە دەچن.



**کوردستان میدیا: توندوتیژی دژ بە ژنان لە ئێران و بە تایبەت لە کوردستان روو لە زیاد بوونە، پێتان وایە ئەم پرسە هەتا چ رادەیەک پێوەندیی بە نائاگایی ژنانی کۆمەڵگاوە هەیە؟**

**کانی سیران:** بەڵێ بە داخەوە سەرەڕای بەرەو پێش چوونی ئاستی رۆشنبیریی کۆمەڵگا، بەڵام بەداخەوە رێژەی توندوتیژی دژ بە ژنان هەتا دێت روو لە زیاد بوون دەکات، یان لە سەرەتاوە هەر بەم شێوەیە بووە، بەڵام بە هۆی کەمیی کاناڵە راگەیاندنەکان، بڵاو نەبوونەتەوە کە هەتا چ رادەیەک بوونی هەیە، بەڵام ئێستا دەبینین بە هۆی زۆر بوونی راگەیاندنەکان و هەروەها بوونی چەندین رێکخراوەی داکۆکیکاری مافەکانی ژنان، ئەم رێژەیە ئاشکرا دەکرێت و دێتە بەر دیدی راگەیاندنە گشتییەکانەوە. بۆ ئەوەی کە بڵێن ئەم پرسە هەتا چ رادەیەک پێوەندی بە ناهۆشیاری ژنانەوە هەیە بەڵێ هەتا رادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە سەر نەبوونی هوشیاریی ژنان لەسەر مافە ئینسانییەکانی خۆیان، چونکە هەر تاکێک ئەگەر بە مافەکانی خۆی ئاشنا بوو هیچ کات رێگە بە کەس نادات توندوتیژی بەرامبەر بکات و مافەکانی پێشێل بکات.

**کوردستان میدیا: زۆرجار دەبینین کە ژنان خۆیان هۆکاری توندوتیژی دژ بە خۆیانن و بۆ ئەم مەسەلەیە پاساو دێننەوە و زۆرجار بیستوومانە کە ژنان لە توندوتیژی دژ بە خۆیان گوێ دەخەوێنن و دەڵێن «هەر بووە و تا بووە وا بووە» پێتان وایە ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**کانی سەیران:** ئەم مەسەلەیەش دووبارە دەگەڕێتەوە سەر نەبوونی ئاستی هوشیاری ژنان لەمەڕ مافەکانی خۆیان هەروەها کولتوور و داب و نەریتیش ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت. دەبینین هەر لە کۆنەوە لە گوێی کچەکانماندا خوێندراوە کە دەبێت ملکەچی هاوسەرەکانیان بن و لە قسەی ئەوان لا نەدەن، ئێمە نابێت بڵێین کە ژنان خۆیان هۆکاری توندوتیژی دژ بە خۆیانن، بێگومان هەر مرۆڤێک کەلە چوارچێوەیەکی قەتیس و داخراودا مایەوە و ڕێگری لێکرا کە بێتە ناو کۆمەڵگاوە فێری هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی ببێت، بە داخەوە وای لێ دێت ئەو فیکرییەتەی کە لە کۆنەوە لە مێشکی خراوە بە مافی خۆی دەزانێت و نەوە لە دوای نەوە تەحویلی کۆمەڵگا دەدات.

## ئەرسەلان یارئەحمەدی ـ کۆیە

**کوردستان میدیا: ئێوە وەکوو کەسێک کە سەبارەت بە پرسی مافەکانی ژنان و لەو بارەوە چالاکیتان هەیە هەتا چەندە کێشەی ئەم توندوتیژییانەی دژی ژنان، بۆ خۆیان دەگەڕێننەوە؟**

**یارئەحمەدی:** من وەک خۆم پێم وایە ئەوە کێشەی ژنان نییە، بەڵکوو لە ڕاستیدا ئەوە کێشەی هەموو کۆمەڵگا و بە تایبەت پیاوانی ئێمەیە کە ژنانی خستووەتە ئەو دۆخەوە و توندوتیژی کردن بەرانبەر ژنانیان وەک ئەرکێکی ڕۆژانە لێ کردووە.

**کوردستان میدیا: ئایا پێت وایە کە بە گرتنی سمینار و کۆبوونەوە و ڕێپێوان لەو توندوتیژییانە کەم بێتەوە؟**

**یارئەحمەدی:** بە دڵنیاییەوە کاریگەری خۆی دەبێت. ئەو جۆر چالاکییانە ڕەنگە لە ئێستادا بێ نرخ بێنە بەرچاو، بەڵام کاریگەری ئەرێنی لەسەر تاکەکان دادەنێن و بە بردنە سەرەوەی ئاستی زانیاریی تاکەکانی کۆمەڵگا، بێ گومان لە درێژخایەندا و بەتایبەت لەسەر نەوەی نوێ کاریگەریی ئەرێنی دادەنێت و لە کەمکردنەوە و کاڵکردنەوەی ئاستی توندوتیژی دژ بە ژنان ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن.

**کوردستان میدیا: هێندێک لە چالاکانی مافی ژنان و پرسە پێوەندیدارەکان بە ژنانەوە، هۆکاری سەرەکیی پێشل بوونی مافی ژنان و توندوتیژی لە دژی ژنان بۆ سەربەخۆ نەبوون لە بواری ئابوورییەوە دەگەڕێننەوە و پێیان وایە هەتا ژن لە بواری ئابوورییەوە سەربەخۆ نەبێت توندوتیژییەکان هەروا بەردەوام دەبێت، ڕای ئێوە سەبارەت بەم مەسەلەیە چییە؟**

**یارئەحمەدی:** بە بڕوای من سەربەخۆ نەبوونی ئابووریی ژنان تەنیا یەکێک لە هۆکارەکانی توندوتیژییە دژ بە ژنان و ناتوانێ هۆکاری سەرەکی بێت. من لەسەر ئەو بڕوایەم کە ئەوە یاسا و دەسەڵاتن کە وەک سەرەکیترین



هۆکاری توندوتیژی دژ بە ژنان بە ئەژمار دێن، چونکە ئەگەر یاسا پشتگیریی ژنان بکات دەتوانێ لەسەر هەموو جۆرەکانی توندوتیژی وەک؛ جەستەتی، دەروونی، ئابووری، سێکسی، یاسایی و ... کاریگەریی هەبێت و لە دابەزینی ئاستی ئەو توندوتیژییانەدا کاریگەر بێت.

بەڵام ئەگەر ژنێک لە باری ئابوورییشەوە، سەربەخۆ بێت دیسان بەرەوڕووی توندوتیژی دەبێتەوە، مافی ئەوەی نییە داوای جیابوونەوە بکات، بە بێ ئیزنی باوک یان مێردی ناتوانێ بڕواتە دەرەوەی وڵات، ناتوانێ ببێتە سەرکۆمار و دەیان خاڵی دیکە کەلە یاسای بنەڕەتی و یاسا مەدەنییەکانی ئێراندا بەرچاو دەکەوێت و خۆیان جۆرێکن لە توندوتیژی دژ بە ژنان و دەتوانم بڵێم یاساکانی ئێران خۆیان سەرچاوەی هەڵاواردن و توندوتیژین دژ بە ژنان.

**کوردستان میدیا: نائاگایی ژنان سەبارەت بە بەردەوام بوونی توندوتیژی دژ بە ژنان هەتا چەندە کاریگەریی لەم پرسەدا هەیە و ڕێکارتان بۆ کەم بوونەوە و لە کۆتاییدا نەمانی توندوتیژی لە دژی ژنان چییە؟**

**یارنەحمەدی:** لە ڕاستیدا ئێستا زۆربەی ژنان بە نیسبەت مافەکانیانەوە ئاگادارن و دەتوانم بڵێم ئەوە بێ ئاگایی یان ئاگادار بوون و خۆ گێل کردنی ئاگاهانەی پیاوانە کە بووەتە هۆی ئەوەی کە توندوتیژی دژ بە ژنان هەروا درێژەی هەبێت.

ئێستا ڕێژەی کچانی خوێندەواری کورد بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە و بگرە لەو بوارەوە لەسەرەوەی کوریش بن.

بە نیسبەت بەشی دووهەمی پرسیارەکەتانەوە دەبێ بڵێم ئەو جۆرە توندوتیژییانە کە سەرەڕای توندوتیژیی یاسا و دەسەڵات، لەلایەن کۆمەڵگاوە و کە لەژێر کاریگەریی ئایین و داب و نەریت و هەروەها ئەو دەسەڵاتە پیاوسالارانەی کە بە درێژایی چەند سەدەی ڕابردوو بەسەر ئێمەدا زاڵ بوون، بە یەک ڕۆژ و دوو ڕۆژ پەیدا نەبوون هەتا بتوانین بە زووی چارەسەریان بکەین، بەڵکوو لەو پێناوەدا دەبێت ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز پێکەوە کار و چالاکی بنوێنن و لە بەرانبەر کۆسپ و لەمپەرەکانی سەر ئەو ڕێگا پیرۆزەدا کۆڵ نەدەن و دڵنیا بن کە خەباتەکەیان ڕۆژێ بە ئاکام دەگات.

## ترووسکە سادیقی، چالاکی مافی ژنان ـ هەولێر

**کوردستان میدیا: «تفکیک جنسییەتی» لە زانکۆکانی ئێراندا کە بە وتەی بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران بۆ کەم کردنەوە توندوتیژی دژ بە ژنانە، بەڕای ئێوە تا ئێستا هەتا چەندە بووەتە هۆی کەم بوونەی توندوتیژی دژ بە ژنان؟**

**سادقی:** پێش لە هەر شتێک چەمکی جیاکردنەوە «تفکیک» جۆرێک لە توندوتیژییە بە نیسبەت هەر دوو ڕەگەز بە ئەژمار دێت و لە ڕاستیدا وەرگرتنەوەی مافی پێکەوە بوونە. کەوابوو جیاکردنەوەی نەخوازراو و زۆرە ملێیە و بێڕەحمانەترین جۆری توندوتیژییە سەرەتا لەسەر هەموو کۆمەڵگا و پاشان ژنان و کچانی کۆمەڵگا. لە وەڵامی پرسیاری ئێوەدا دەبێ بڵێم ئامارێکی وەها لە بەر دەستدا نییە کە بە پشتبەستن بەو ئامارە بتوانین کەمبوونەوە، یان چوونە سەری ڕێژەی خۆکوژیی ژنان دیاری بکەین. بەڵام بە شێوەیەکی گشتیتر دەبێ بڵێین هەروەک کۆمەڵگای تاک ڕەگەزی بە دوورە لە هەموو چەمکەکان، بە هەمان ڕێژەش شوێنی ڕاهێنانێک کە یەک ڕەگەزی بێت بێ ڕوحە و لە بواری زانستی مرۆیییەوە وێنا ناکرێت. بۆ زیاتر وردبوونەوە لەسەر ئەم باسە تەنیا وڵامی ئەم پرسیارە کە ئایا دەکرێ لە بیاڤی زانکۆدا زانستە مرۆییەکان لەلایەن یەک ڕەگەزەوە تێبگەین تەواوە و لە بواری کۆمەڵایەتی ـ ئیسلامییەوە دەکرێ ڕێگە بە پێوەندییەکانی کچ و کوڕ لە دەرەوەی



زانکۆ بگیردرێ؟ بە بێ گومان وڵامی ئەم دو پرسیارە «نا» یە و لە ڕاستیدا مەحاڵە.

بەڵام بە ڕوون بوونی وڵامی ئەم پرسیارانەش بۆ چی ڕێژیمی ئێران پێداگرە لەسەر جیاکردنەوەی ڕەگەزی لە نێو زانکۆکاندا؟ ئەمە خوێندنەوەکانی خۆییانی لە پشتەوەیە و گرینگترینیشان ئەوەیە کە دەیانهەوێ ئەمری ڕێبەری ئێران کە ئیسلامیکردنی زانکۆکانە بە جێ بگەیەنن و هەموومان دەزانین کە نزیک بوونی کوڕ و کچ لە فەزای ژووری بەستراودا لە مەکرووهەکانی ئیسلامە و هۆکارەکەشی دەگەڕێننەوە بۆ ورووژانی پیاو!!. ئەمەش خۆی جۆرێک توندوتیژییە بە نیسبەت هەر دوو ڕەگەزەوە.

**کوردستان میدیا: بۆچی لە وڵاتە سوننەتی و**

**مەزهەبییەکاندا، توندوتیژی دژ بە ژنان لەوپەڕی خۆی دایە و تەنانەت خودی یاسای وڵاتەکانیش ئەو ئیجازەیە دەدەن کە توندوتیژی دژ بە ژنان بکرێت و زانیومانە کە لەم وڵاتانەدا بە گۆڕینی حکوومەتیش ژنان دۆڕاوی سەرەکی بوون، بەڕای ئێوە ئەم پرسە هەتا چەندە پێوەندییان بە یەکەوە هەیە؟**

**سادقی:** دەکرێ بڵێین وەڵامی بەشی یەکەمی پرسیارەکەتان لە بەشی دووهەمی پرسیارەکەتان دایە، چونکە لە راستییدا نەبوونی یاسای مرۆڤی یەکسان بۆ هەموو دەبێتە سەرچاوەی هەموو ئەو توندوتیژییانەی کە بە نیسبەت ژنان ئەنجام دەدرێت. هەر بۆیەش دەبێ بە شوێن سەرچاوەی یاساکانی ئەو وڵاتانەیدا بگەڕێین کە تێیاندا توندوتیژی وەک دیاردەیەکی هەمیشەیی لێ هاتووە و بەم پێیەش دەتوانین بڵێین کە هەموو ئەو یاسا نادێموکراتیکانەی کە مافی یەکسان بۆ ژنان دەستەبەر ناکەن لە ئایینەوە سەرچاوەیان گرتووە و کارتێکەریی ئیسلام لە بوارەدا زیاتر و بەرچاوترە لە ئایینەکانی دیکە و بە هیچ شێوەیەک بە گۆڕینی حکوومەت و تەنانەت گۆڕینی ئاراستە و روانینی سیاسییش ناکرێ چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕمان هەبێت، چونکە هەموو ماددەکانی یاساکانی وڵاتانی ئیسلامی ریشەی قووڵیان لە ئایین و بڕوا دینییەکاندا هەیە و بڕوا دینییەکانیش بە پێی کتێب و حوکمە ئاسمانییەکان پیرۆزن و حاڵەتێکی نەگۆڕیان بە خۆیانەوە گرتووە.

ڕێکار و رەنگە تەنیا رێکاری دەربازبوون جێگیرکردنی یاسایەکی بنەڕەتییە کە بەپێی مەنشوورەکانی مافەکانی مرۆڤ بێت و هاوتەریب لەگەڵ ئەوە پرۆڤەی دێموکراسییە لە ئاستەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا و بارهێنانی منداڵانەکانمانە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی یەکسان بڕواننە رەگەزەکان.

**کوردستان میدیا: ئایا تەنیا بە هوشیارکردنەوەی ژنان دەکرێ توندوتیژی دژ بە ژنان کەم بکرێتەوە؟**

**سادقی:** لە روانگەیەکەوە و بە کورتەراڤەیەک دەتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بە «بەڵێ» بدەینەوە. زانیاری لە برێ کاتدا بۆخۆی کووبوونەوە برێ زانیاریی گشتی و ئاشنا بوونەوە لەگەڵ تیۆرییەکانە و لە روانگەیەکیترەوە «زانیاری بەخشینە» بۆ بە ئەستۆ گرتنی بەرپرسیارەتی سەبارەت بەو پرسانە، بۆ وێنە، کەسێک کە ئاگاداری مافەکانی خۆی هەیە، دەبێ بۆ بە دەست هێنانی ئەو مافانە تێبکوشێت و خەبات بکات، ئەگەر ئێمەی ژنان لەو روانگەوە بڕوانینە «ئاگا بوونەوە»مان لە مافەکانمان، بێ گومان دەتوانین جۆری خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانمان پێناسە بکەین. کەواتە دەتوانین بڵێین ژنان دەبێ «ئاگاییان پێ بدرێت» تاکوو ڕێگای خەباتی خۆیان بدۆزنەوە و بە دڵنیاییەوە لە درێژخایەندا ئاکامی بەدواوە دەبێت.

**کوردستان میدیا: لە کۆتاییدا هەر ڕێگەچارەیەک کە بە رای ئێوە دەتوانێت لەو توندوتیژییەی کە دژ بە ژنان دەکرێت کەم بکاتەوە باس بکەن.**

**سادقی:** بەڕای من، بە لە هەر شتێک روانگەی ئێمە ژنان بە نیسبەت خۆمان و دەوروبەرمانەوە گۆڕانێکی بنچینەیی روو بدات، رەنگە تەنانەت بیرکردنەوەش لە گۆڕانی کۆمەڵگا زۆر قورس بێت بەڵام هەر کاریگەریی خۆی دادەنێت لەسەر کۆمەڵگا.

ڕێگەچارەیەکی دیکە هوشیارکردنەوەی ژنان و ئاگاکردنەوەیان لە مافەکانی خۆیانە کە دەبێ هاوکات لەگەڵ خەبات بۆ گەیشتن بە مافەکانیانەوە بێتە کایەوە.

یەکێک لە ڕێگەچارەکان کە بەڕای من باشترین ڕێگەچارەیە، پەروەردە و بارهێنانی بنچەنەیی و سەربەخۆی ئابووری ژنانە کە دەتوانێت کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لە کەمبوونەوەی توندوتیژەکانی دژ بە ژنان هەبێت.

سەرەکیترین شت لەم نێوانەدا ئەوەیە کە ژنانی کورد بەرپرسایەتی ژن بوون و کورد بوون هاوکات لەگەڵ یەک قەبووڵ بکەن و لە کەمبوونەوەی فووکووس لەسەر هەر کامەیان هیچ ترسێکیان نەبێت، چونکە بەراستی زۆر ئاساییە کە نەتوانن تەواوی هێزی خۆیان لەسەر یەک شت قەتیس بکەنەوە. ژنانی کورد دەبێ هاوکات لە لایەکەوە بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی و لە لایەکیترەوە بەدەستهێنانی مافە سەرەکییەکانی خۆیان کە وەکوو ژن پێشلکراون خەبات بکەن.

سەرچاوە: سایتی کوردستان میدیا

# زێدەبوونی توندوتیژی لەهەمبەر هەڤسەر و بنەماڵە بەرهەمێکی دیکەی کۆماری ئیسلامیە بۆ کۆمەڵگە

شۆڕش گوڵکار

توندوتیژی لە هەمبەر هەڤسەر و بنەماڵە، دیاردەیەکی پڕ مەترسیە کە لە ڕێگەی توندوتیژی جەستەی و شکاندنی کەلوپەلی ماڵ و توندوتیژی دەروونی و زاری و سووك کردن و بێ ڕێزی کردن بە کەسایەتی و سیما و جەستەی ژن و پێشگرتن لە ئیش یان خوێندن یان هاندانی بۆ کاری نەشیاو ناپەسەند کە بە هۆی تووشبوونی مێرد بە مادەی هۆشبەر یان بێکاریەوە پەیڕەو دەکرێ کە مەخابن وڵاتی ئێران لەو بوارەوە لە پێشەوەی زۆربەی وڵاتاندایە کە ئەوەش ئاکامی سیاسەتە پاشکەوتوو هەڵەکانی مەلاکانی دەسەڵاتداری ئێرانە بە هۆی پێداگری لەسەر بەرێکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی وڵات و بەستێن سازی بۆ هاتنی ئیمامی زەمان! کۆمەڵگەیان تووشی ئەم قەیرانە مەزنانە کردووە بە جۆرێك کە شیرازەی کۆمەڵگە خەرێکە لەبەر یەك هەڵوەشێتەوە، چوونکە بنەماڵە تووشی قەیران و توندوتیژی بووتەوە،بنەماڵەش یەکێ لە بنەما سەرەکی و گرینگەکانی کۆمەڵگەی مرۆییە کە بە بناغەیترین و یەکەم بنەمای کۆمەڵگە دێتە ئەژمار. کاریگەری بنەماڵە لەسەر گەشە و پێشکەوتنی تاك و کۆمەڵگە تا رادەیەکە کە هیچ خاوەن بۆچوونێك ناتوانێت حاشای لێ بکات،چوونکە بنەماڵە گونجاوترین پێکهاتەیە بۆ دابینکردنی پێداویستیە مادی و دەروونی و مەعنەوی مرۆڤ و باشترین بەستێن بۆ دابین کردنی ئاسایش و هێمنی دەروونی ئەندامان و پەروەردەی نەوەی نوێ و کۆمەڵایەتی کردنی زارۆکان و دەستەبەرکردنی پێویستیە سۆزداریەکانی تاکەکان دابین دەکات. بەڵام مەخابن هەر بەو جۆرەی کە ئاماژەی پێکرا هەنووکە پێکهاتەی بنەماڵە تووشی کێشە و قەیرانی بنەڕەتی بووەتەوە. بە پێ دوایین ئامارەکان دیاردەی توندوتیژی لە هەمبەر ژن و بنەماڵە لە ئێران زێدەتر بووە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش لە پەرەسەندن دایە، بۆ نموونە هەر لە باژێری تارانێ بەپێ ئەو توژینەوەیە کە کراوە ۸۷/۹ ژنانی هەڤسەردار بەرەوڕووی توندوتیژی هەڤسەرەکەیان بوونەتەوە. یان بە پێ ڕاگەیندراوەکانی «سازمانی بهزیستی» پارێزگای سنە لەم ساڵدا ڕێژەی توندوتیژی هەڤسەر و بنەماڵە بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەیسەندووە. هەرچەند زۆرێك لە ژنەکان و بنەماڵەکان بە هۆی شەرم و حەیا و هەوڵدان بۆ پێشگرتن بە لێك بڵاوی بنەماڵە ئەم توندوتیژی و نەهامەتیانە تەحەمول دەکەن، بەڵام ئەم ڕەوتە کە ئاوا خەرێکە دەچێتە پێشێ لە درێژخایەندا کۆمەڵگە بەرەو هەڵدێر و لەبەر یەك هەڵوەشانەوە دەبا.



# ژنیش لەپیاو هیچی کەمتر نیە گەر بیهەوێ

دیمانە: هوما مەنسووری



مرۆڤ کە بیهەوێت لە هەر بوارێکدا تواناکانی نیشان بدات، بێگومان زۆر بە سانایی دەتوانێ سنورەکان ببەزێنێ و بەسەر کۆسپەکاندا زاڵ بێ، بە مەرجێك باوەڕی بە خۆی هەبێت. لێرەدا بۆ ناساندنی ژنێکی بوێر و نموونەی مرۆڤێکی لێهاتوو سەردانی «سۆهەیلا خان» دەکەم. « سۆهەیلا خان» ژنێکی باڵابەرز و رووخۆشە، کە دەیبینی هەست دەکەی زۆر بەتوانا و زۆر لە سەرەخۆیە. سۆهەیلا خان، خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە و ئێستا لە باشووری کوردستان لەگەڵ مێردەکەی لە گەرمیان و لە شاری کەلارزیان بەسەر دەبەن. جێگای خۆیەتی باس لە بوێری و ئازایی ئەو خانمە رۆژهەڵاتییە بکەیت کە لەنێو بازارێکی گەورەی کەلار جگە لە سۆهەیلا خان ژنێکی دیکەی تێدا نابینرێت کە سەرنجی مرۆڤەکان رابکێشێت. هەر ئەم کارەش وای کرد کە سەرنجی من رابکێشێ و لە نزیکەوە داوا بکەم لە سۆهەیلا خان لەسەر ئیش وکارەکانی بۆمان بدوێ. سەرەتا سۆهەیلا خان بەم شێوەیە پێناسەی خێزانەکەی کرد و وتی: «من ناوم سۆهەیلا، خەڵکی شاری مەهابادی خۆشەویستم، خاوەن دوو کچم کە بە خۆشییەوە کچەکانم یەکیان لە زانکۆی زەنجان و ئەوی دیکەش لە زانکوی تورکیایە، بۆ خۆشم خاوەن بڕوانامەی دیپلۆمم، بەڵام ئێستا لەگەڵ مێردەکەم پێکەوە دووبەدوو لە کەلار دەژین و بە هاوکاریی یەکتر دوو دوکان بەڕێوە دەبەین. یەکێك لە دوکانەکان لە کەلاری کۆنە و ئەوی دیکەش لەنێو بازاری گەورەی کەلارە». سۆهەیلا خان زۆر بە ئارامی درێژەی بە قسەکانی دا و وتی : «لە مێژە من ئیش دەکەم بەڵام ئیشی پێشووم جیاواز بوو لەم ئیشەی کە ئێستا دەیکەم، سەرەتا لە شاری مەهاباد لەگەڵ مێردەکەم چێشتخانەی سەفەریمان هەبوو. کارەکەمان زۆر زەحمەت بوو، کارکردن لە ئێران تا رادەیەك زەحمەتە، دوای ئەوەش مێردەکەم تووشی نەخۆشیی فەقرات هات، ئیتر کارەکان بۆ من بە تەنیا قورس بوو، بۆیە بیرم لەوە کردەوە کارەکەم لە چێشتخانەیەکی سەفەریەوە بگۆڕم بۆ شیرینی دروست کردن. دواتر لەگەڵ مێردەکەم هاتینە کوردستانی باشور و توانیمان بە هاوکاریی یەکتر ئیشەکانمان پەرە پێ بدەین». لە درێژەی قسەکانی‌دا سۆهەیلا خان ئاماژەی کرد کە مێردەکەی هاوکاریی زۆری دەکات لە کاری ماڵ و دروست کردنی شیرینیەکان، لە کاتێکدا سۆهەیلا خان و مێردەکەی لە کاتژمێر ٦ی بەیانییەوە تا ١١ی شەو کار دەکەن و تەنیا کاتەکانی نان خواردن پشووی ئەوانە، سۆهەیلا خان بەم شێوەیە باسی لە ئازایەتی ژن کرد و وتی: «ژن گەر خۆی بیهەوێت دەتوانێ بەڕێز و حورمەتەوە هەموو کارێك ئەنجام بدا، دەتوانێ بەڵام لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەتایبەت لە کۆمەڵگای کوردیدا کارکردنی لەم جۆرانە گەلێك زەحمەتە، چونکە چەندە ژن بە درێژەوە مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا بکات، هەندێ جار تووشی گرفت دەبێ، سۆهەیلا خان باسی ئەوەشی کرد کە ئەو هەمیشە بە رێزەوە مامەڵە لەگەڵ هاودوکانەکانی خۆیدا دەکات، وەك برا رێزیان لێ دەگرێ و ئەوانیش بە هەمان شێوە بەڵام هەندێ جار لە نێو بازاڕدا خەڵکانێك هەن کە تقەبولی ئەم گۆڕانکارییە ناکەن و بە قسە و تالیقی خراب هەستی مرۆڤ بریندار دەکەن، وەك خۆی ئاماژەی پێدەکرد هەندێ جار رووبەڕووی ئەم قسانە دەبێتەوە کە هەندێ کەس دێن ودەڵێن «عەیب لە خۆت ناکەی لەنێو ئەم هەموو پیاوەدا تۆ ئیش دەکەی یان دەڵێن خوا رەحمت پێ بکا، یان سەر رادەوەشێنن ودەچن». هەموو ئەمانە دەگەڕێتەوە سەر عەقڵییەتی ئەوان بەم ئیشەی من.

سۆهەیلا خان بەم شێوەیە کۆتایی بە قسەکانی هێنا و وتی زۆر بەداخەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان رێژەی بێکاری یەکجار زۆرە،

# زایەڵەی هەموو دەنگە ئەشقەکانی مێژوو

شاهۆ میرانی

ئەو شەوە کە مانگ
لە پەنجەرەوە
تریفەی خستبووە سەر جەستەی هەڵمکرتوومان
گوڵ ئەستێرەکان بەدەم سەماوە
ئەشقی ئێمەیان نوور باران دەکرد
ئەو شەوە ژوورکەمان
پڕ بوو لە بۆنی ماچ و لە گورانی
لەو دەمەوە تێگەیشتم
کە تۆ زایەڵەی
هەموو دەنگە ئەشقەکانی مێژووی
تێگەیشتم ئەو من نیم
بە دەنگێکی ئاشقانە گۆرانیت بۆ دەچڕم
بەڵکوو ئەوە ئەتۆی
لە هەکبەی وشەکانمدا
سالآنیکە نیشتەجێی
تۆ بایەوانی ئەو پاپۆڕەی
لە ئۆقیانووسی دلم دا
خولیاکانم
بۆ بەندەری خۆشەویستی
رادەکوێزی

ئەوە تو بووی
بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانە
هێزت دەدا بە پێنووسم
ئەوە تۆ بووی
کانی هەستمت
بە هەورە تریشقەی خەندەکانت دەتەقاندەوە
بۆیەشە ئاوا ڕەوان
وشەکان قەڵبەزیانە
بە نازەوە
مۆسیقای خۆشەویستیی دەڵێنەوە
دڵنیا بە
کەر چاویشم نەبی ئەم ئەشقەت ببینی
هەناوم ماوە
بە بی دەفتەری نۆتی
کەمانچە ژەنێکی شین پۆش
ئەو خۆشەویستی یەت بۆبلێتەوە
ئەگەر گوێم نەبی
نزای ئەو ئەشقەت ببیسی
دەمارەکانم ماون
تەزووی سۆزی ئەشقی تۆیان گوی لی بی
دڵنیا بە تۆ هەوێنی شێعرەکانمی
تۆ چیرۆکی نەبیستراوی خەونەکانمی

# هاوناوی شەوێکی پڕهەست

ڕۆژنە

خۆت بنوێنە ئەی فریشتەی خەیاڵی ژینم
سینەم بزرگەی شادی و سرووە ئەم شەو
دیدەی ئاڵۆزم دەبارێنی
و لافاوی دووریت دەمەژێنی ئەم شەو

فریام کەوە ئەی پەری ڕوخسار
تۆیی شاگوڵی باخی بەهار
فێنکایی هەناسەی دەمت
خەیاڵی مەستی ویسالت
هێمن دەوە
خۆت بنوێنە!
خۆت بنوێنە!







# ڕێبوار

دەریا عەلی

گیانە ئەمشەومن ڕێبوارم
جەستەی ماندووم بەتەنهایە
دڵ پەرژان وپەڕپەرینە
بەندەیەکی بێ هاوتایە
ڕێگامات وچۆڵا وپڕترس و
بێ چرایە..
ئاسمان ڕەنگی تاریک وەش..
لەگەڵ گرمەوناڵە ی گەواڵەش
شەپۆڵا..شەپۆڵا ئەستێرەکان
والەشەقەی باڵ ئەدەن و
وێنەی گزیان لەوە ئەچێ
شەوقی جوانی ئەمشەویان
لەکۆچێکی وون بووندایە..!

گیانە ئەمشەومن ڕێبوارم
جەستەی ماندووم بەتەنهایە
یادەکانی چەندین
ساڵەی خۆشەویستیم
بۆتتە دەریای خەمێکی
قووڵا
واخەریکن ئەمخۆنەوە..!
دڵۆپ دڵۆپ بارانی خوێن
بەسەرکێڵگەی دڵەکەمداوادەباری
گەڵای سەوزی بەهاری من خەزان بەردی
نایدۆزنەوە..!

گیانەئەمشەومن ڕێبوارم
جەستەی ماندووم بەتەنهایە
باڵ شەکەت و.ئەژنۆشکاو
هەناسەی هەنگاوەکانم سست وخاوە
گیانم وەک مۆم داگیرساوە
دەریای دیدەم
فرمێسکەکانی بەخوڕوتاوە
سەروسیمای پەشۆکاوم
وەک مردوێکی ڕەنگ نەروەو
دەنگم خنکاوە..!
گیانەهیوای من گوڵێکەو
لەدەریای ترساخنکاوە..
لەدەریای ترساخنکاوە..!

جدیدە ئاب
١٩٩٠/٤/٢٤

# دڵۆپێک لە دەریای ناداد پەروەری!

شەهلا یارحوسێنی

فرمێسک! زۆر لە مێژە بە نێو خەیاڵەکانی فرمێسکدا دێم و دەچم بۆ ئەوەی فرمێسکەکانی فرمێسک، لە لاپەڕەیەی نێو یادەوەریەکانمدا هەڵگرم! فرمێسک، کچێکی شۆخ و شەنگ، ڕوخساری وەک مانگی یەک شەوە دەدرەوشایەوەو هەر بە هۆی سیما پڕ حەزین شیرینەکەی خێزانەکەی، زۆر بە کەمی دەیانهێشت بچێتە دەرەوەو، هەمیشە وەک کەسێکی دەس بە سەر وا بوو. فرمێسک حەسارێکی پانو بەرینیان هەبوو لە نێو ئەم حەسارەدا دارتوویەکی گەورەیان هەبوو، هەمیشە هاوینان لە ژێر سێبەری دار تووەکە کاتیان بە سەر دەبردو چایی عەسرانەیان لەوێ دەخواردەوە. کچە گەورەی ماڵ( فرمێسک ) دەکەوێتە داوی خۆشەویستی کوڕێک، بە ناوی ( شوانە) خێزانی شوانەیش زۆر لە خێزانی فرمێسک باشتر نەبوون. ئەم دوو ئاشقە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە نێو حەزەکانی یەکدا، دەتوانەوە. فرمێسک گڕوتینی خۆشەویستی وای لێ کرد بوو وەک کەسێکی نامۆ خۆی دەبینیەوە لە نێو خێزانەکەی، ڕۆژان بە دەم دڵتەنگیەوە کارو باری ناوماڵی دەکردو فرمێسکەکانی بەردەوام تێکەڵ بە خۆراکی ڕۆژانەی خۆی بوو، هەمیشە لە خەیاڵی ژیانی خۆیدا بوو کە ئایا بتوانێت ڕۆژێک بێت لە ئامێزی خۆشەویستەکەی خۆی بگرێتەوە؟ چەندە بەرەو ئامێزی خۆشەویستی دەچوو، ئەوەندەیتر، ژیانی دژوارتر دەبوو. ماڵی فرمێسک، زۆربەی ساتەکان کێشەو ژاوەژاو بوو، بە هۆی ئەوەی کە دەیانزانی کچەکەیان خۆشەویستی هەیە. فرمێسک بەردەوام

گێجەڵیان پێدەگێراو قسەو ناوناتۆرەی نەشیاو ڕۆژانە بەر گوێی دەکەوت، زۆر ئاواتی بە مەرگی خۆی دەخواست، دیسانەوە لێوی خۆی دەگەست و دەیگوت: نا، فرمێسک نا، ئارام بگرە ئارام! ڕۆژگاری خۆشەویستی فرمێسک پڕ تەماویترین ساتەکانی ژیانی بوو. ڕۆژێک باوکی لە کونجی ماڵەوە دادەنیشێت و خەیاڵی بەرەو لای فرمێسک پاڵی پێوەدەنێت و، پاکەتەسیگارەکەی دەردێنێتو، سیگارێک پێدەکاو، یەک نەفەسی قوڵی لێدەداو دەبینێت فرمێسک وا خەریکی حەوشو حەسارەو خەریکی خاوێنکردنەوەیە، بە دەنگێکی بەرز بانگی لێدەکات، کچم فرە «گیان» تا لای باوکت نایەیت؟ باوکی دەیویست بە قسەی خۆش و نەرم لە گەڵی بدوێت بۆ ئەوە قایلی بکات و پێی دڵێت: کچم کوڕێکی خزمی خۆمان بە تەمایە بێتە خواز بێنیت، تۆ دەبێت واز لەو کوڕە خوێریە بێنی داوای هەر چی بکەیت بۆت دەکەین، ژیانت دەکەوێتە خۆشی پەیمان دەدەم، ئەگەر تۆ ژیانت نەکەوێتە خۆشی من لە بەرچاوی تۆو هەموو خەڵک،» سمێڵی» خۆم دەتاشم. فرمێسک زۆر نائومێد دەبێت دەڵێت: بابە گیان من ناتوانم مێرد بە کەسێک بکەم کە خۆشم نەوێت ناتوانم درۆ لە گەڵ خۆم بکەم ئەی خەڵک چیم پێدەڵێن دوایی؟ هەموو خەڵک دەزانن من خۆشەویستم هەیە، باوکی زۆر بە توڕەیەوە هاواری لێکردو گوتی هەی» قەحبە» من قسەی باش بۆ تۆ ئەکەم تۆ ئەتەوێت لە نێو خەڵک ئابروو شەرەفمان بەریت؟؟؟ هەتا دەتوانێت، بە هەموو هێزی خۆی، یەک شەپاڵەی بە سەردا دەداو پرچی دەگرێت و بەر پێلەقەی دەدات و بە قسەی ناحەز دەری دەکاتە دەرەوە لە ژوورەکەداو پێی دەڵێت: کەس نەهاتوە بۆ داوات، بەڵام،» تەڵاقم» کەوتبێت سەبینێ هەر کەس بێت مارەت ئەکەم لێی. فرمێسک دەست دەکات بە هاوارو پاڕانەوەو پەلاماری دەستی باوکی دەدات ماچی بکات، باوکی بە هەموو هێزی خۆی پاڵی پێوەدەنێت و لە سەر پشت دەکەوێت. چاوەکانی فرمێسک، لە فرمێسکدا قەتیس رادەمێنن، ئەندامانی خێزانەکەی هەموویان خۆیان کشو مات کردبوو سرتەیان لە دەم نەدەهاتە دەرەوە تەنها دایکی نەبێت بە هاناسەیەکی ساردەوە بەرەو پیری

## فرمێسک

دەچێت و باوەشی
پێدادە کاتو پێی دەڵێت:
ڕۆڵە گیان کچە شیرینەکەم، بە قسەی دایکی خۆت ئەکەیت لەم گێژاوە خۆت دەرباز ئەکەیت واز دێنیت، بەڵام قسەکانی دایکیشی هەر جیگای قایل نەبوون. ڕۆژ هات ڕۆژ چوو، فرمێسک ماوەیەک لە ترسی باوک و ئەندامانی خێزانەکەی پێوەندی کەم دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بڵێن وازی هێناوە، ڕۆژێک بە هەڵکەوت شوانە، بە بەردەرگای ماڵی فرمێسک تێدەپەڕێت، لە پڕداباوکی فرمێسک پەیدا ئەبێت بە یەکدا هەڵدەتەقن، شوانە، زیاتر پێهەڵدەگریت بۆ ئەوەی زووتر لە باوکی فرمێسک تێپەڕ بێت و ملی دادەخات، باوکی فرمێسکیش مۆڕەیەکی لێدەکاتو پێیدەڵیت ئەوە ئاخرین جارە ئەم ڕێگا دووبارەکەیتەوە. شوانە ئاوڕی لێ ناداتەوەو ملی ڕێگای خۆی بەرنادا. لە دوای ئەو حاڵەتە، شوانە بە پەلە گەڕایەوەو، دەست بە جێ، نامەیەک بە کەسێکدا دەنێرێت بۆ فرمێسک! دوای چەند ڕۆژێک، نامەکە بە دەست فرمێسک دەکەوێت، کە لە لایەن خۆشەویستەکەیەوە بۆی نێردراوە، لە نامەکەدا نوسرابوو: فرمێسکی خۆشەویستم سڵاو، من لەوە زیاتر بەرگەی ئەم چاوەڕوانیە ناگرم دەبێت فکرێک بکەینەوە لە خۆمان، یان دەبێت لە گەڵم بێیت بڕۆین بە لایەکدا، یان کۆتایی بە نێوانمان بێت. فرمێسک ئەو ڕۆژە هەتا ئێواری مات و مەلول بوو حەزی نەدەکرد کەس بانگی بکات پێیخۆش بوو لە خەڵوەتیا نقوم بێت، جار ناجارێکیش ئاوڕی لە ئەندامانی خێزانەکەی دەدایەوە بۆ ئەوەی کەس شکی پێنەکەن کە شتێ لە ئارادا هەیە خۆی بە شتێکەوە خەریک ئەکرد. بەڵام دایکی لە هەموو ئەندامانی خێزانەکەی زیاتر پەرۆشی دەبوو وە باش دەموچاوی دەخوێندەوە، دڵی زۆر بۆی دەسوتا، کە نیگای تێدەبڕی، یەک نەفەسی قوڵی هەڵدەکێشا. ڕۆژ ئاوا بوو باڵندەکانی ئاسمان هەموو بەرەو هێلانەو ماڵ دەفرین، بەڵام فرمێسک هێشتا لە فرینی ژیانێک بەرەو هیوای دوارۆژ، نامۆیەو سنورەکانی لێ داخراوە. بوو بە نیوە شەو، هەموو خەوتبون، دونیا کشومات، فرمێسک هەر لە نێو گێژاوی بیر کردنەوەدایەوە نازانێت فرینی یەک جاری هەڵبژێرێت یان نوقمی شەپۆلەکانی دەریای ئۆقیانوسی بێ کۆتایی ببێت، فرمێسکی بەستەزمان وای لێهات بوو باوەڕی بە کەس نەمابوو کە دەردەدڵ و پرسێکی پێبکات. تەنها خۆی بیری دەکردوە لە گەل ناخی خۆیدا دەدوا، لە قوڵایی بیر کردنەوەدایە. ئەو لە پەڕی هەموو خێزانەکەیانەوە جێگای ڕاخست بوو لە نزیک دەرگەی ژوورەکەیان و هەر چاوی بڕی بوە دەرگاکەو وەک ئەوەی دەلیلی

تێگەرا بێت، هەستێکی سەیری لا دروست ببو. فرمێسک گوێ قوڵاخ ببو هەستی کرد، خشە خشێک دێت، ئۆقرەی لێبڕا هەستا بە ئەسپایی، بێ سرتە ، چووە نێو حەسارەکەوە تارمایەکی بینی و بێدنگ بوو،، کاتێک بینی ئەوە خۆشەویستەکەیەتی،( شوانە) زۆر هەڵبڕسکاو ترسێکی سامناکی لێ نیشتبوو، بە دەنگێکی کزو خەماویەوە گوتی بۆ هاتووی بۆ ئێرە؟ ئەگەر پێت بزانن دەازنی چی ڕوودەدات؟ شوانە گوتی: بۆم گرنگ نیە چی ڕوو دەدات. من هاتووم تۆ ببەم لە گەڵ خۆم من ژیانی خۆم لە سەر تۆ دادەنێم ئەگەر بە قسەم بکەیت. فرمێسک هەندێک تێراماو زمانی پێچا بەیەکداو گوتی ئاخر بۆ کوێ بڕۆین؟ من دەزانم ناتوانین دەربچین ئیتر پێم ناڵێیت بۆ کوێ؟ بمانگرن ئەو کاتە ژیانی تۆیش بە منەوە کۆتایی پێدێت. هەر دوکیان لەم قسانەدا بوون هێدی هێدی دەستیان لە یەک نزیک دەبێتەوەو دەیانەوێت هەناسەیان تێکەڵ بە تاریکی بکەن! بەو تاریکیە لە ژێر پەلکی دارەتوی نێو حەسارەکەیان بە ئەسپای دانیشتنو کەوتنە دەردە دڵی خۆیان، لە نێو قسەوباسی خۆیاندا هەوەسیان نەماو نوقمی حەسرەتو بێ ئۆقرەیی ببون، بە دەم قسەوە بون، دونیا زیاتر و زیاتر تاریکتر دەبوو مانگەشەوو ئەستێرەکان بەرەو لەیەک دابڕان دەچوون، فرمێسکیش لە کۆتاییدا بە شوانەی گوت: دەزانی من ناتوانم لە گەڵت بێم ؟ دەزانی ئەمە دواین دیداری من و تۆیە لە تاریکی ؟ دەزانی من ئیتر مردووم؟ شوانە بەم قسانە، زۆر نائومێد بوو گوتی ناتوانم باوەڕ بەوە بکەم، من گەورەترین کۆشکی عەشقم لە خولیای خۆمدا دروست کرد بوو! هیچ تێناگەم لەم مەملەکەتەی من تێیدا دەژیم! فرمێسک: منیش تێناگەم ! ئەوانیش تێناگەن! هەر هەمومان تێناگەین!!


سێداره
وتیان بەینی ؛
داروگولله و
زیندانێکی ئەبەدی دا،
سەر پشک بە !
پەتی سێدارەم هەڵبژارد !
چوون سێداره ؛
خاوەن بەرزی و شکۆ و شانه!
لەو سەرەوە ،
قاچم لە عاست ،
سەر و گوێچکەی جەللادانە !
ک.د.ئازاد

# ٥ ڕێکخراوی ژنانی کوردستانی ئێران لە بنکەی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات کۆبوونەوە

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٨ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی، لەسەر بانگهێشتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێنج ڕێکخراوی ژنانی کوردستانی ئێران کۆبوونەوەیەکیان پێکهێنا.





لەو کۆبوونەوەیەدا چۆنییەتی کاری هاوبەش و چالاکی نواندن لە پێوەندی لەگەڵ ٢٥ی نۆڤامبر، ڕۆژی بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ توندوتیژی دژبە ژنان تاوتوێ کرا.

پاش باس و هێنانەگۆڕی کۆمەڵێک پێشنیار لەو پێوەندییەدا و گرینگیدان بەو کار و چالاکییە هاوبەشانە لەسەر بەرنامەیەکی داڕێژراو بۆ ٢٥ نوڤامبر و کارکردن لە پێناو دژایەتی لەگەڵ توندوتیژی دژبە ژنان ڕێککەوتن و لەو بارەوە گەڵاڵەی کاری هاوبەشیان داڕشت کەلە ئێستاوە کار بۆ ئەنجامدانی بڕگەکانی ئەو گەڵاڵەیە بکەن.

ناوی ئەو ٥ ڕێکخراوەی ژنانی کوردستانی ئێران کە لە بنکەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆبوونەوە، بریتین بوون لە

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

ڕێکخراوی ژنانی ڕۆژهەڵات

ڕێکخراوی ئازادی ژنانی کوردستان (نینا)

ڕێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

# بەیاننامەی ٧ ڕێکخراوەی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر ڕۆژی جیهانیی خەبات لە دژی توندوتیژی دژ بە ژنان

توندوتیژی یەکێکە لە دیاردە ترسناکەکانی جیهان، کە هەڕەشەیەکی تەواو لەبونیادی کۆمەڵگا دەکات. هەموو چەشنە رەفتار و هەڵسوکەوتێکی توند و گرژ چ لەئاستی کەسی و چ لە گشتی‌دا، کە لەسەر بنەمای ڕەگەزیی ڕوودەدا و دەبێتە هۆی ئەشکەنجە و ئازاری ڕەگەزیی و رۆحی یان فیزیکی و بەرتەسک کردنەوەی ئازادی ژنان، بەتوندوتیژی دژ بەژنان ناوزەد دەکرێت و لەقەڵەم دەدرێت. ژنان ومرۆڤە ئازادیخوازەکان هەموو ساڵێك لە رۆژی ٢٥ی نوامبر، رۆژی جیهانی خەبات لە دژی سڕینەوەی توندووتیژی لە دژی ژنان هەموو جۆرەکانی توندوتیژی کەلە لایەن کۆمەڵگای پیاوسالارییە وە، لە شوێنی کار، کۆمەڵگا و بنەماڵەدا بە سەریاندا دەسەپێ، بە وەرێ خستنی خۆپێشاندان، کۆبوونەوە و دەرکردنی بەیاننامە و ... هتد، مەحکوم دەکەن. تەنیا لە ئاکامی هەوڵ و خەباتی لێبراوانەی ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافەکانی ژنان و فشاری بیروڕای گشتی عەداڵەتخوازانەی جیهان بوو کە لە ١٧ی دێسامبری ١٩٩٩ کۆبوونەوەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتۆەکان بە دەرکردنی بڕیارنامەیەك ٢٥ی نوامبر بەرامبەر بە ٤ی سەرماوەزی وەك رۆژی جیهانی سڕینەوەی توندوتیژی لە دژی ژنان ڕاگەیاند.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندان زیاتر لە ٣ دەیەیە کە بە پاڵپشتی یاسا و ڕێسای دواکەوتووانەی حکوومەتی، بە شێوەیەکی سیستماتیك لە دژی ژنان توندوتیژی دەکات. هەڵاواردنی جینسی و سوکایەتی رۆژانە بە نیسبەت ژنان بۆتە پێناسە و بەشێکی جیانەکراوە لە ناوەڕۆکی رژیمی ئێران، ئەگەر توندوتیژی بەشێك لە دیاردە چارە هەڵنەگرەکانی کۆمەڵگایە کە بە شێوازی جۆراوجۆر بە سەر چینیکرێکار و توێژە بندەستەکانی کۆمەڵگا دادەسەپێندرێ و ژنان بەشی سەرەکی قوربانیانی ئەم توندوتیژیانەن، لە نیزامی ئاخوندیدا، ئەوا پاڵپشتی یاسا و ڕێسا حکوومیەکانیشی دەچێتە پاڵ و ئەو ستەم و ناعەداڵەتیانە بە قانوونی دەکرێن. ئەگەر بمانهەوێ ئاورێك لە رەوشی ژنان لە ناوچەکەدا بکەین نکۆلی لەوە ناکرێت کە ژنان رۆڵێکی گەورەیان بینیوە و دەبینین لەگۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا لەئەنجامی شۆڕشەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی، ژنان لەڕۆژانی شۆڕشدا لەپاڵ پیاواندا بەشداری بەرچاویان هەبووە لەخۆپیشاندانەکان و لەڕێکخستنی لیژنە شۆرشگێرییەکان بەڵام سەرەرای ئەوە ژنان لە قۆناغی شۆرش و پاش رزگاریش رووبەرووی گەلێك توندوتیژی و نەهامەتی هاتوون و هیچ دەستکەوتێکی نوێیان لەو گۆڕانکارییانەدا دەستەبەر نەکردووە و مافەکانیان بە بەردەوامی زەوت دەکرێت.

خەبات کردن دژی توندوتیژی پڕۆسەیەکی درێژخایەن و هەمەلایەنەیە و تەنیا بە یادکردنەوەی ئەو دیاردە دزێوە لە ڕۆژێکدا کۆتایی پێ نایەت و لەو باروودۆخەشدا ژنی کورد پێویستە دەورێکی بەرچاوی هەبێ لە بوارە جۆراوجۆرەکانی خەبات بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە و پێویستە لەپێناو دادپەروەری کۆمەڵایەتی، سیستمی پیاو سالاری و بندەستی نەتەوەیی و کلتووری کۆنەپەرستانەی رژیمی ئێران بەردەوام لە تێکۆشاندا بێت. توندوتیژی دژ بە ژنان لە کۆماری ئیسلامی‌دا بە شێوەی جۆراوجۆر پەرەی سەندووە کە هەموو کارناسانی بواری کۆمەڵایەتی و چالاکانی بواری ژنانی نیگەران کردووە. لە رژیمی ئێران قاچاغی کچان و ژنان و توندوتیژی جینسی و کوشتنی ژنان بەشێوەیەکی بەرچاو بەناوی جیاجیاوە لە پەرەسەندن دایە. ئاستی کولتووری دژە ژنیی زیادیکردوە. لەشفرۆشی بۆتە دیاردەیەکی قێزەونی کۆمەڵگا. نەریتی تاسەر ئێسقان دژی ژنو دژی ئینسانی خەتەنەی کچان، یاساو کەلتووری فرە ژنی بەشێوەیەکی سامناك بەرەوسەر هەڵکشاوە. مارەکردنی کچانی خوارتەمەن ١٨ ساڵ لەدەرەوەی دادگا زۆر بەرچاوە. لە ئێران کەش و هەوای سەرکووت بە دژی چالاکوانانی ماڤی ژنان رووی لە پەرەسەندن کردووە کە لە ماوەی دووساڵی رابردوودا، دەیان کەس لە کەسایەتییە چالاك و چالاکانی بزووتنەوەی ژنان، دەستبەسەر کراون کە کاردانەوەی نێونەتەوەیشی لێکەوتەوە ئیستاشی لەگەڵ بێت بە دەیان زیندانی سیاسی ژن لە گرتووخانەی ئەوین و زیندانەکانی




دیکه‌ی ئێران و کوردستاندا هه‌ن كه‌ ته‌نانه‌ت ئیزنی چاوپێكه‌وتنیشیان نییه‌ و ته‌نانه‌ت سزای وه‌ك زیندانی درێژخایه‌نیان به‌سه‌ر دا سه‌پێنراوه‌.
به‌ گشتی توندوتیژی به‌ دژی ژنان ساڵانێكه‌ وه‌ك پڕئازارترین نه‌خۆشیه‌كانی كۆمه‌ڵگای مرۆڤایه‌تی خۆی ده‌رخستووه‌ و ئه‌م خه‌ساره‌ له‌ كۆمه‌ڵگا دواكه‌وتوو و ئایینیه‌كان كه‌ یاسا ئایینیه‌كان رۆڵێكی به‌چاو و چاره‌نووس ساز له‌ سیسته‌می ئیداری و حكه‌مه‌تیه‌كه‌ی دا ده‌گێرنو شوێندانه‌ری نه‌رێنیان له‌م په‌یوه‌ندیه‌دا هه‌یه‌، به‌ شێوه‌ی به‌رده‌وام زیانی گه‌یاندووه‌ به‌ ژنان و به‌ گشتی ئه‌و جۆره‌ كۆمه‌ڵگایانه‌ به‌رهه‌مهێنه‌ری توندوتیژیی بوونه‌. دوای لێكۆڵینه‌وه‌كان له‌ ۵۰ وڵاتی جیهان ده‌ركه‌وتووه‌ ، له‌ سه‌دا ۱۰ تا ۵۰ی ژنان به‌ جۆرێك له‌ لایان هاوسه‌ره‌كانیان ده‌كه‌ونه‌ به‌ر كرده‌وه‌ی توندوتیژیی جه‌سته‌یی و نیزیك به‌ یه‌ك له‌ سه‌ر سێ و نیوی نمونه‌كانی توند و تیژی جه‌سته‌یی ، توند وتیژی ده‌روونیشی به‌ دواوه‌ بووه‌.

له‌ هه‌ر ۱۸ خوله‌ك دا له‌ جیهان ژنێك ده‌مرێ و ئه‌م ئامارانه‌ به‌ شێوه‌ی گشتی ده‌رخه‌ری بارودۆخی ناله‌باری ژنانه‌ و ئه‌مه‌ ته‌نیا گۆشه‌یه‌كی بچووك له‌و هه‌موو توند وتیژیانه‌یه‌ كه‌ به‌رامبه‌ر به‌ نیوه‌ی حه‌شیمه‌تی جیهان ڕه‌وا ده‌كرێ.

له‌م بۆنه‌یه‌دا راده‌گه‌یه‌نین كه‌ له‌پێناو بنبڕكردنی شێوازه‌كانی توندوتیژی دژ به‌ ژنان، ئه‌رك و به‌رپرسایه‌تییه‌كی گرینگ و مێژوویی ده‌كه‌وێته‌ سه‌ر شانی چالاكانی ژنان، ده‌زگاكانی راگه‌یاندن ڕێكخراوه‌كانی كۆمه‌ڵگای مه‌ده‌نی، ڕێكخراوه‌ سینفییه‌كان و میدیاكان، كه‌ له‌ سه‌رو هه‌موو ئه‌وانه‌ یاسا و حكومه‌ت ده‌توانن باشترین رۆڵ و به‌رپرسایه‌تی له‌م پێناوه‌دا بگێڕن ومیكانیزم دابنێن بۆ به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی توندوتیژییه‌كان، به‌دواداچوون بكه‌ن بۆ كێشه‌كانی په‌یوه‌ندیدار به‌ توندوتیژی دژی ژنان و خێزان، كۆڕ و سیمینار پێك بێنن و راپۆرتی وه‌رزانه‌ له‌باره‌ی كێشه‌كانی ژنانه‌وه‌ ئاماده‌ بكه‌ن و هه‌روه‌ها ده‌زگاكانی راگه‌یاندن زۆر پێویسته‌ كه‌ ئیمكاناتی خۆیان بۆ پرۆژه‌ی وشیاركردنه‌وه‌ی كۆمه‌ڵگا له‌ ئاست كێشه‌كانی ژنان و كه‌مكردنه‌وه‌ی دیارده‌كه‌ به‌كار بهێنن نه‌ك ته‌نها هه‌واڵی كوژران و سووتان بڵاو بكه‌نه‌وه‌، هه‌روه‌ها هه‌رده‌م هاوكاربن بۆ ڕێكخراوه‌ مه‌ده‌نی و سه‌نته‌ره‌كانی داكۆكی كردن له‌ژنان هه‌موو تاكێكی كۆمه‌ڵگا له‌ هه‌ر چین و توێژێك خۆی به‌ به‌رپرسیار بزانێت له‌ بنبڕكردنی دیارده‌ی توندوتیژی و ئه‌مه‌ش مایه‌ی به‌دیهاتنی كۆمه‌ڵگایه‌كی به‌خته‌وه‌ره‌ له‌ ئێستا و له‌ داهاتوودا. له‌ كۆتاییدا ده‌ڵێین رزگاری و به‌رابه‌ری ژن و پیاو و لابردنی هه‌ر جۆره‌ توند و تیژیه‌ك به‌ دژی ژنان كاتێك مسۆگه‌ر ده‌بێ، كه‌ خه‌باتی بێ وچانی بۆ رێك بخه‌ین.

سه‌ركه‌وێت خه‌باتی ژنان بۆ یه‌كسانی و به‌رابه‌ری

ئاسۆی ژنی کورد
رێكخرای ئازادیی ژنانی كوردستان ـ نینا
كۆمه‌ڵه‌ی ژنانی رۆژهه‌ڵات
كومیته‌ی ئافره‌تانی سازمانی خه‌باتی كوردستانی ئێران
یه‌كیه‌تی ژنانی دێموكراتی كوردستان
یه‌كیه‌تی ژنانی دێموكراتی كوردستانی ئێران
یه‌كیه‌تی ژنانی یه‌كیه‌تی دێموكراتی كوردستان

۲۰۱۳/۱۱/۲۵
۱۳۹۲/۹/٤

# پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، رۆژی پێشمەرگەی کوردستان



خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

ژنان و خوێندکاران و لاوانی دەروەستی نەتەوەی کورد!

٢٦ی سەرماوەزی ئەوساڵ، ٦٨ ساڵ بەسەر داهێنانی ناوی بەرز و پیرۆزی پێشمەرگە لە سەردەمی یەکەم کیانی کوردی لە شکلی کۆماریدا و ٢٩ ساڵ بەسەر دیاریکرانی رۆژی پێشمەرگەی کوردستان بەدەستی بەهێز و بە توانای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێدەپەرێ، وێرای جوانترین و رازاوەترین پیرۆزباییەکانی خۆمان کە پێشکەشی سەرجەم پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی کوردستانی دەکەین، سڵاوی ئەمەگناسی بەرانبەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە داهێنەری ناوی پێشمەرگە و دامەزرێنەری یەکەم هێزی پێشمەرگە و دیاریکەری رۆژی پێشمەرگەی کوردستانە پێشکەش دەکەین.

پتر لە ٦ دەیەیە لەناو جەرگەی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان وەك بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی - دێموکراتیك، پێشمەرگە بەو مرۆڤە چیاهەنگاوانە گوتراوە کە هەموو کات خۆشەویستی بێئەملا و ئەولای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوون و بۆ چرکە ساتێکیش هیچ هێزێك نەیتوانیوە ئەو مرۆڤە کە قامەتی بەردەوام بە شکۆیەکی چیاییەوە رادەوەستێ لە پێش چاوان ون بکا.

پێشمەرگەی کوردستان، ئەو مرۆڤە خاوەن هەڵوێستەیە کە هەموو کات مانایەکی تەواوی بە ژیانی پڕ سەروەری و سەربەرزانەی خۆی بەخشیوە و هەموو کات ئازادیی خۆی پێشکەش بە ئازادیی مرۆڤی تر کردووە.

ناوی بەرز و پیرۆزی پێشمەرگە کە تەنیا ئامانجی پێکهێنانی فەزایەکی ئازاد و دێموکراتە بۆ خەباتکاری کورد، پاداشتێکە کە کەس پێی نەبەخشیوە، بەڵکوو ئەو پاداشتە دەرەنجامی هەڵبژاردنێکی ئازادە بۆ ژیانێکی ئازاد و مرۆڤ تەوەرانە، کەواتە تاکوو مرۆڤ زیندوو بێ، پێشمەرگە زیندووە و هەتاکوو پێشمەرگەش مابێ دێموکراسی مەبەست و ئامانجیەتی.

پێشمەرگە نە شەڕخوازە و نە ئاژاوەگێڕ، بەڵکوو ئەوە شەڕ و ئاژاوەیە کە پاڵ بەوەوە دەنێن رووبکاتە شۆڕش، کەواتە پێشمەرگایەتی رێزگرتنی دەسەڵاتی مرۆڤە بەسەر مانای ژیاندا و ئەو هەڵبژاردنە ئەگەرچی لەلایەك بۆ لەنێوبردنی ئاژاوە و بونیادنانی ژیانێکی مرۆڤانەترە لە لایەکی تر بەخشینی مانایەکی قوڵ و ئەرخەوانیە بە ژیان.

جارێکی دیکە بەرز و پیرۆز بێ رۆژی پێشمەرگەی کوردستان

یەکیەتییەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی

# بەڕێوەچوونی کۆڕێک لە ژێرناوی «هەماهەنگی بۆ نەهێشتنی دیاردەی خۆسووتاندن» لە شێرەوەن



لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/١٠/٣ بە هاوکاریی کومیتەی یەکیەتی ژنانی شێرەوەن کۆڕێك لە ژێرناوی «هەماهەنگی بۆ نەهێشتنی دیاردەی خۆسووتاندن» لە نێو کۆمەڵگا کۆڕێك لە لایەن خوشکە ئەڤین و رۆژین رۆژهەڵاتی بۆ ژنانی کەمپی شێرەوەن بەڕێوە چوو. شایانی باسە ئەو کۆرە زیاتر لە ٢ کاتژمێری خایاند. لە کۆتاییدا بە پرسیار و وڵام کۆڕەکە کۆتایی هات. هەروەها لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/١٠/٣١ بە سەرپەرشتی کومیتەی یەکیەتی ژنانی کەمپی شێرەوەن و بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی مافی مرۆڤ، لە ژێر ناوی «نا بۆ توندوتیژی» کۆڕێك لە لایەن بەرێز «مامۆستا حەیدەر» بۆ ژنانی کەمپی شێرەوەن بەڕێوە برا. شایانی باسە لەو کۆڕەدا وێنە و یاساکانی قەدەغەکردنی توندوتیژی لە رووی داتاشۆ پیشان درا. جێگای ئاماژەیە کۆڕەکە زیاتر لە ٢ کاتژمێری خایاند



# بەڕێوەبردنی سمینارێک بۆ ژنانی شێرەوەن



لە ڕێکەوتی ٢٠١٣\١١\٢٣ بە سەرپەرەشتیی ژنانی رۆژهەڵات و هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە n.g.oکانی حکوومەتی هەرێم و کومیتەی یەکیەتی ژنانی کەمپی شێرەوەن، سمینارێکی ٤ کاتژمێری بۆ هەموو ژنانی کەمپی شێرەوەنیان سازکرد. شایەنی باسە سمینارەکە لە سێ بابەتی سەرەکی تایبەت بە گیروگرفتەکانی ژنان پێکهاتبوو کە بە وردی ئاماژە بە دەرد و نەهامەتییەکانی ژنان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا کرا. جێی ئاماژەیە بابەتەکان بریتی بوون لە کێشە دەروونییەکانی ژنان، نەخۆشیی «شێرپەنجە»و یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان. دوابڕگەی سمینارەکە تەرخان کرا بۆ پرسیار و پێشنیاری بەشداربووانی سمینارەکە.

# بەڕێوەبردنی چالاکی، بە بۆنەی مانگی ئۆکتۆبر، مانگی جیهانیی گەیاندنی زانیاری، لەبواری شێرپەنجەی مەمک





یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە مەبەستی بەڕێوەبردنی چەندین چالاکی لە بواری وشیارکردنی تاکەکان بە نیسبەت شێرپەنجەی مەمك، رۆژی شەممە، ڕێکەوتی ٢٧ی ڕەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی، سەردانی نەخۆشخانەی ئازادی و قوتابخانەی رۆژهەڵات کرد. ئەم چالاکییە کە بە شێوەی بڵاوکردنی رووبانی پەمبەیی و هەروەها بروشووری تایبەت لەسەر چۆنییەت، مێژوو و چارەسەریی نەخۆشیی شێرپەنجەی مەمك ئامادە کرا بوو، لە نێو کادرەکانی نەخۆشخانە و مامۆستایانی قوتابخانە، بەڕێوەچوو. هەروەها لەم دانیشتنانە بەڕێز هێرۆ جەلدیانی، جێگر سکرتێری یەکیەتیی ژنان لە سەر مێژووی مانگی ئۆکتۆبر وەك مانگی زانیاری گەیاندن لە بواری شێرپەنجەی مەمك و چیرۆکی رووبانی پەمەیی و هەروەها ئاماژە بە پێویستیی هاوکاریی نەخۆشخانە و مامۆستایان کە ئەرکی پەروەردەیان وەئەستۆیە، کرد. لە هەر دوو لایەنەوە بەڵێن درا کە بە شێوازی گونجاو لەم مانگەدا چالاکی بنوێنن و بە پێکهێنانی سمینار، دابینکردنی دوکتوری بەخۆڕایی بۆ پشکنین و هەروەها بڵاوکردنی پۆستێری رۆشنگەری و وشیارکردن بەم مەبەستەوە، چالاکانە ئەم ئەرکە پیرۆز و ئینسانییە بە جێ بگەیەنن.

هەروەها رۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٩ی ڕەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی، هەر بە مەبەستی دەستپێکردنی هەڵمەتی گەیاندنی زانیاری لە بواری شێرپەنجەی مەمك، هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان بە سەرپەرەستیی بەرپرسی ڕێکخراوەکە، بەڕێز ئیلهام چایچی، سەردانی نەخۆشخانەی شەهید دوکتور خالید لە شاری کۆیەیان کرد. هەیئەتی یەکیەتیی ژنان لەم دیدارە کە لەگەڵ دوکتور جەماڵ، دوکتوری جەرراح و هەروەها دوکتور ئاراز، موعاوینی توبی و جێگری مودیری نەخۆشخانە بوو، گفتگۆیەك لە بواری چۆنیەتی هاوکاری دوولایەنە بۆ ئەم هەڵمەتە کرا.

پاش کۆتاییهاتنی گفتوگۆ، هەیئەتی یەکیەتی ژنان بە بڵاوکردنی رووبانی پەمبەیی و بروشووری تایبەت بەم مانگە لەنێو پێرسۆنێلی نەخۆشخانەدا، داواکاریی خۆیان لەسەرجەم کارگێڕانی نەخۆشخانە، کە وشیارکردنی خەڵك لەم بوارەدایە، باس کرد و وێڕای سپاس و ماندوونەبوونی، ئاماژە بە ئەرکی قورس و پیرۆزی ئەوان لە بواری تەندروستی جەستەیی تاکەکانی کۆمەڵگا کرد. بە خۆشییەوە لەم هەڵمەتە پیرۆزە پێرسۆنێلی پیاو کە لە نەخۆشخانە ئەرکی خۆیان بە جێ دەگەیەنن، بە چەسپاندی رووبانی پەمبەیی لەسەر سینگیان، ئامادەیی خۆیان بۆ هەر جۆرە هاوکاری دەربڕی.

# ڕێوڕەسمی کۆتایی هاتنی دەورەی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ماددە هۆشبەرەکان



دوو ڕێکخراوی ڕێنوێنی لاوانی کوردستان و ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئاشتی و دەروونی بە پشتیوانی و هاوکاریی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکوومیەکان، بۆ ماوەیەکی سێ حەوتوو، پرۆژەیەکی بەرەنگاربوونەوەی ئاکادیمی و جەماوەری ماددە هۆشبەرەکانیان بەڕێوەبرد.

ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ١٦ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی، ڕێکخراوەکانی ناوبراو، لە هۆڵی نەجیبە خان لە شاری کۆیە، هەستان بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی کۆتایی ئەم پرۆژەیە. لە لایەن یەکیەتی ژنان دوو ئەندام بە شێوەیەکی بەردەوام




لەم پرۆژەیە بەشداریان کرد بوو کە لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکە بڕوانامەیان پێ بەخشرا. ئەم بەڕێزانە بریتی بوون لە نەرمین عوسمانی و شنە خاڵدار لە ئەندامانی چالاکی یەکیەتی ژنان کە بە دەستهێنانی ئەم بڕوانامەیە ئامادەگیی ئەوەیان هەیە کە لە داهاتوو هەر شێوە پرۆژەیەکی هاوچەشن بەڕێوەبەرن و سەرپەرەشتی بکەن.

ڕێوڕەسمەکە لە چەندین بڕگە پێك هاتبوو کە لە کۆتاییدا سەرجەم سەرکەوتووانی پرۆژەکە لە لایەن ڕێکخراوی ڕێنوینی لاوانی کوردستان و ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئاشتی و دەروونی بڕوانامەیان پێ بەخشرا.

# کردنەوەی دەورەی خوێندنی کوردی، بۆ ئەندامانی یەکیەتی ژنان

لە ڕێکەوتی ٢٠١٣\١١\١ی زایینی، کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوەندی یەکی کوردستان (دێگەلە)، بە هاوکاریی بەڕێز ماموٚستا «مەغدید مودیری»، قوتابخانەی دێگەڵەی تێکەڵاو لە ناحیەی دێگەڵە پۆلێکی خوێندنی یەکی سەرەتایی بۆ ئەو گەورەساڵانەی کە ئارەزووی خوێندن و نووسینی کوردیان هەبوو، کردەوە.

لەم دەورەیەدا هەوڵ دەدرێ ژنانی نەخوێندەوار، فێری نووسین و خوێندنی زمانی کوردی ببن.

جێگای ئاماژەیە ئەم دەورەیە تا کۆتایی ساڵی خوێندن بەردەوام دەبێت.





# کۆمیتەی یەکیەتی ژنان لە دێگەڵە، کۆبوونەوەیەکیان بەڕێوەبرد

یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/١٢/١٥ی زایینی، کومیتەی یەکیەتی ژنان لە دێگەڵە، کۆبونەوەیەکیان لە ژێر ناوی «دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی گونجاو بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژییەکان و کێشەکانی ناو خێزان و کۆمەڵگا» بۆ بەڕێز بەهار ڕۆستەمی، بەرپرسی کۆمیتەی ژنان لە دێگەڵە و هەروەها ئەندامی موشاویری کومیتەی بەڕێوەبەری، پێك هێنا.







# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتی لە کۆمیتەی یەکیەتیی ژنان (دێگەڵە)

ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی، هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان بە سەرپەرەستیی بەرپرسی گشتی یەکیەتیی ژنان، بەڕێز ئیلهام چایچی، بە مەبەستی پێکهێنانی کۆبوونەوەی تەشکیلاتی و بەڕێوەبردنی کۆنفرانسی کۆمیتە، سەردانی کومیتەی دێگەڵەیان کرد.

بەشی یەکەمی کۆبوونەوەکە بە پێشکەشکردنی باسێکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی لە لایەن بەرپرسی گشتی ئەو ڕێکخراوە دەستی پێکرد و بەڕێز چایچی بە وردی ئاماژەی بە شێوەی بەڕێوەچوونی دوایین بەڵێنەکانی دەوڵەتی یازدەهەم کرد و هەروەها هەڵبژاردنی چوار ژن بۆ پۆستەکانی پایەبەرزی کۆمار ئیسلامی بە دەسکەوت نەزانی و گوتی: «پێش لە هەموو شتێك هەڵبژاردنی رادەیەکی کەم وەك چوار کەس لە ژنان بۆ پۆستەکانی پایەبەرزی دەسەڵاتداری لە کۆماری ئیسلامی رادەیەکی یەکجار کەمە، پاشانیش دەوڵەتی یازدەهەم کە بە دروشمی «تدبیر و امید» هاتە سەرکار، لە یەکەم ساتەکانی دەسەڵاتدارییی خۆی بە پێشنیاری چەندین گەڵاڵەی دژ بە ژن و بنەماڵە، سەلماندی کە ئەم دەوڵەتەش وەك ئەوانی پێشوو تەنیا لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی نیزام کار دەکات و چوار ژن سەهلە، ئەگەر ٤٠ ژنیش لە چوارچێوەی ئەم نیزامە دەسەڵاتیان هەبێ ناتوانن یەك هەنگاو بۆ بەرژەوەندیی ژنان هەڵگرن.

پاش کۆتاییهاتنی باسەکە، لە بەشی دووهەمی کۆبوونەوەکەدا هێندێك ڕێنوێنی و تێبینی لە لایەن بەرپرسی بەشی تەشکیلات، بەڕێز مەحبووبە ئیبتکار، پێشکەش بە بەشداربووان کرا و بە سەرکەوتوویی کۆنفرانس لە لایەن ئەندامانی کومیتە بەڕێوەچوو و ٣ کەس وەك ئەندامی بەڕێوەبەریی کۆمیتەی دێگەڵە هەڵبژێردران.

شایانی باسە هەیئەتی بەشدار لەم کۆبوونەوەیە بەڕێزان بەهیە رووحانی، ئەندامی یەکیەتی ژنان و چۆپی مروەتی ئەندامی بەڕێوەبەریی کۆمیتەی «یایا»نی یەکیەتی ژنان بوون.



# بەهار حسێنی براوەی خەڵاتی سێهەمی شیعری فێستیڤاڵی هەتاو



بەهار حسێنی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هاوبەشی لەگەڵ بڵند باجەڵان براوەی خەڵاتی سێهەمی شیعر لە فێستیڤاڵی شیعر و چیرۆکی رانییە بوون. بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری ڕانیە، بەهاوکاری سەنتەری ڕووناکبیریی هەتاو، بەرواری٢١_١٠_٢٠١٣ لە کتێبخانەی گشتی ڕانیە، فێستیڤاڵی شیعر و چیرۆکی بە ناونیشانی : (چرۆکان لەبەر هەتاودا، جوانتر گەشە دەکەن)ی بەڕێوەبرد. لەم ڤیستیڤاڵەدا، چەندین چالاکیی جۆراو جۆریش بەڕێوە چوون. لە کۆی ئەو دەقانەی بە دەست لێژنەی بەڕێوەبەریی فێستیڤاڵ گەیشتبوون، لە شیعر و چیرۆك، باش هەڵسەنگاندنیان لە لایەن لیژنەی هەڵسەنگاندنەوە، ١١ کەس لە بواری شیعردا و ٨ کەس لە بواری چیرۆکدا ناویان هاتەوە بۆ بەشداری کردنیان لە فێستیڤاڵدا. ئەمڕۆ ئێوارە لەکۆتایی فیستیڤاڵەکەشدا، پلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی هەردووك بواری شیعر و چیرۆك، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری و هونەری رانیە، بەهاوکاری سەنتەری رووناکبیریی هەتاو خەڵات کران. فێستیڤاڵ کۆتایی بە چالاکییەکانی خۆی هێنا و ناوی براوەکانی بواری شیعری بەم چەشنە راگەیاند. ١. دیمەن سوهرابی ـ براوەی یەکەم ٢. هێرش یاسین ـ براوەی دووهەم ٣. بەهار حسێنی و بڵند باجەڵان بە هاوبەش ـ براوەی سێهەم

# به بۆنەی ۲۵ی نوامبر، ۶ رێکخراوی ژنانی رۆژهەڵات سمینارێکیان بەڕێوەبرد



رۆژی شەممە رێکەوتی ۲ی سەرماوەزی ۱۳۹۲ی هەتاوی، بەرانبەر بە ۲۳ی نوامبری ۲۰۱۳ی زایینی، کاتژمێر ۲:۳۰ دوانیوەڕۆ لە هۆڵی ئازادی شاری سلێمانی، بە ئامادەبوونی بەڕێز محەممەدی ساحیبی ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەندامانی بەڕێوەبەریی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و چەندین رێکخراو و کەسایەتی سیاسی دیکە، سمینارێکی هاوبەش بە ئامادەبوونی رێکخراوەکانی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئاسۆی ژنی کورد، رێکخراوی ئازادی ژنانی کوردستان ـ نینا، کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەڵات، کومیتەی ئافرەتانی سازمانی خەباتی کوردستان و یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی پێشوازی کردن لە رۆژی ۲۵ی نوامبەر رۆژی جیهانی خەبات دژی توندوتیژی بە دژی ژنان بەڕێوە چوو.

ئەو بابەتانەی کە لە سمینارەکەدا پێشکەش کران لە لایەن هەر یەك لە بەڕێزان، فاتمە عوسمانی، سنوور حەنیفی پوور، لەیلا دیوبەند، ئارەزوو عوسمان، زەینەب حسێنی، رەزا ئەسکەندەری، عیسمەت نەستانی بوو کە ناوەرۆکی باسەکان بە گشتی بریتی بوون لەسەر جۆرەکانی توندوتیژی، پەروەردەی سالمی تاك، پرسی ژن و هۆکارەکانی چارەسەر کردنی بە شێوازێکی قانوونی لە نێو کۆمەڵگا و تاکەکاندا، کە جەختیان لە سەر چەمکی توندوتیژی دەکردەوە کە بووەتە دیاردەیەکی ترسناکی جیهانی کە زیاتر لە هەموان ژنان تووشی دەبن.

لە بەشێکی دیکەی سمینارەکەدا بەڕێز فاتمە عوسمانی ئەندامی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسێکی لەسەر ریکخراوی جیهانی ژنێڤیکاڵ و ناوەرۆکی پەیماننامەی ئەم رێکخراوە، پێشکەش بە بەشداربووان کرد لەمەڕ پرسی ژن و بانگەوازی ئەم رێکخراوە بۆ پشتیوانی لە ژنانی خەباتگێڕ لە نێو حیزب و رێکخراوەکان و پابەندبوونی ئەو لایەنانە بە بەندەکانی ئەم پەیماننامەیە کە یەك لەوان پابەندبوونیان بە دەستدرێژی نەکردنە سەر ژنان لە کاتی شەڕ و نائارامییەکاندا، بە پێچەوانەوە تووشی سزای نێودەوڵەتی دەبنەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە بە بۆنەی رۆژی ۲۵ی نوامبەر سەرجەم رێکخراوەکانی ژنانی رۆژهەڵات بڵاوکراوەیەکی تایبەت بەو رۆژەیان لەژێر ناوی «ژیان» ئامادە و چاپ کردبوو کە بەسەر بەشداربوواندا دابەش کرا، سمینارەکە کاتژمێر ٥ی ئێوارە



# دیداری هەیئەتێکی کاروباری پەنابەرانی وڵاتی نورویژ، لەگەڵ یەکیەتییەکانی ژنان و لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران



کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی رۆژی چوارشەممە ٩-١٠-٢٠١٣ی زایینی هەیئەتێکی کاروباری پەنابەرانی نۆرویژ پێکهاتوو لە بەڕێزان ئارێنت هوڤدێناك و سیسیلیا ستێن سەردانی بەڕێوەبەری یەکیەتییەکانی ژنان و لاوانی کوردستانی ئێرانیان کرد و لەلایەن هەیئەتێکی هاوبەشی هەردوولا بە سەرپەرستی بەڕێزان ئیلهام چایچی سکرتێری یەکیەتیی ژنان و فواد خاکی بەیگی سکرتێری یەکیەتیی لاوانەوە بەگەرمی پێشوازییان لێکرا. سەرەتای دیدارەکە بەرپرسانی هەردوو ڕێکخراو وێڕای بەخێرهاتنی هەیئەتی میوان باسێکیان لەسەر مێژوو و کارو چالاکییەکانی یەکیەتییەکانی ژنان و لاوانی دێموکرات کرد پاشان هەیئەتی میوان وێڕای ئەوەی سپاسی پێشوازی گەرمی یەکیەتی لاوان و ژنانیان کرد پرسیار و راسپاردەکانی خۆیان لەسەر کاروباری پەنابەران لە نۆرویژ پێشکەش کرد.

لە کۆتایی دیدارەکە هەر سێ لایەن پێیان لەسەر بەهێزترکردنی پێوەندییەکانیان داگرتەوە و هاوئاهەنگی زیاتریان لە داهاتوو سەبارەت بە کاروباری پەنابەری بە پێویست زانی.

دیدارەکە پاش ٢ کاتژمێر کۆتایی پێهات.

# پێکهێنانی کۆبوونەوە بۆ ئەندامانی کۆمیتەی جێژنیکان





رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی ١٠ی رەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی، هەیئەتێك لە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ سەردان و پێکهێنانی کۆبوونەوە بۆ ئەندامانی کۆمیتەی جێژنیکان، سەردانی ناوەندی ٣ی کوردستانیان کرد.

کۆبوونەوەکە بە پێشکەشکردنی چەندین تەوەر لە بواری سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت ژنان، لە لایەن بەرپرسی گشتیی یەکیەتی ژنان، بەڕێز ئیلهام چایچی‌یەوە پێشکەشی ئەندامان کرا.

بەشی دووهەمی کۆبوونەکە تەرخان کرا بە باسێکی تەشکیلاتی کە لە لایەن بەڕێز مەحبووبە ئیبتیکار، ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری و بەرپرسی بەشی تەشکیلات پێکەشی بەشداربووان کرا.

شایانی باسە بەڕێز هێرۆ جەڵدیانی و بەهار رۆستەمی، ئەندامانی بەڕێوەبەریی یەکیەتی ژنان لەم دیدارەدا هاورێیەتی هەیئەتیان کرد.



# یەکیەتی ژنان بۆ بەڕێز حەسەن شەرەفی کۆبوونەوەیەکی پێک هێنا

رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی ٣ی رەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی، بەرامبەر بە ٢٠١٣/٩/٢٥ی زایینی، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەبەستی باس کردن لەسەر بارودۆخی ژنانی حیزب، کۆبوونەوەیەك بۆ جێگر سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەڕێز حەسەن شەرەفی پێك هێنا.

بەڕێز حەسەن شەرەفی لە باسەکەیدا ئاماژە بە بارودۆخی ژنانی حیزب بە گشتی و بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە چۆنییەتی و هۆکاری سەرهەڵدانی کێشەکانی تایبەت بە ژنان، لە گشت لایەنەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە حیزبی دێموکرات لەسەر مەسەلەی ژنان زۆر پابەندی بەرنامە و ئوسوولە و داکۆکی لە مافەکانی ژنان وەك ئەرکی ئینسانی دەزانێت و هەر دەم هاندەریان بوونە بۆ هاتنە ناو مەیدانی خەبات و بەرامبەر هەر توندوتیژییەك کە دەرحەق بە ژنان بکرێت، دەوەستێت و مەحکوومی دەکات.

برگەی کۆتایی کۆبوونەوە تەرخان کرا بە دەربڕینی راوبۆچوونی بەشدارانی کۆبوونەوە.



# به بۆنەی ۲۵ی نوامبر یەکیەتیی ژنان، کۆبوونەوەیەک بۆ بەڕێز «لوقمان مێهفەر» ڕێک خست

ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ٤ی سەرماوەزی ۱۳۹۲ی هەتاوی، بەرامبەر بە ۲۵ی نوامبری ۲۰۱۳ی زایینی، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی کار و چالاکییەکانی خۆیدا بە بۆنەی ۲۵ی نوامبر، ڕۆژی بنبڕکردنی توندوتیژی دژ بە ژنان، بە ئامادەبوونی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەندامانی یەکیەتی ژنان، کۆبوونەوەیەك بۆ بەڕێز لوقمان مێهفەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، پێك هێنرا.

باسەکەی بەڕێز مێهفەر لەسەر توندوتیژی و مافە یاساییەکانی ژنان لە چوارچێوەی قانووندا بوو. بەڕێزیان جەختی لەسەر ئەوە کرد کە توندوتیژی لە ئەنجامی نەبوونی هاوسەنگی دەسەڵات لەنێوان ژن و پیاودا دروست دەبێ و بەرە بەرە تەشەنە دەستێنێت تا دەبێتە دیاردەیەکی ترسناك، لە بەشێکی دیکە لە باسەکەیان ئاماژەی بە گۆڕانکارییەکانی قانوونی وڵاتانی ڕۆژئاوایی کرد بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو بە نیسبەت ژنان کە ئەم ئاڵوگۆڕانە لە ئەنجامی هەوڵ و خەباتی ژنان بۆ بە یاساییکردنی مافەکانیان بووە. بەشی دوایی کۆبوونەوەکە تەرخان کرا بە بەشداریی ئامادەبووان بە پێشکەشکردنی پرسیار و تێبینی لەسەر باسەکەی بەڕێز مێهفەر.

شایانی باسە کۆبوونەوەکە کاتژمێر ٤ی ئێوارە کۆتایی پێ هات.





# دووهەمین کۆنفڕانسی کومیتەی یایان، بەڕێوەچوو



ڕۆژی پێنجشەممە، ۲ی خەزەڵوەری ۱۳۹۲ی هەتاوی، کومیتەی یایانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دووهەمین کۆنفڕانسی ساڵانەی خۆی بەڕێوەبرد.

ئەم کۆنفڕانسە بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی کومیتە و سەرپەرەستیی هەیئەتێکی بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەچوو. لە سەرەتای کۆنفڕانس بەڕێز ئیلهام چایچی بەرپرسی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەسەر گرینگیی هاوکارییەکانی کومیتەی یایان لەگەڵ بەڕێوەبەریی ئەسڵی و چەندین بابەتی پەیوەندیدار بە یەکیەتی ژنان و کۆنفڕانس، چەند وتەوەکی پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

پاشان بەڕێز سەفیە مەحموودی، بەرپرسی پێشووی کومیتەی یایان و ئەندامی موشاوری بەڕێوەبەری ئێستا، راپۆرتێکی تێروتەسەڵ لەسەر کار و چالاکییەکانی ئەم کومیتەیە پێشکەش کرد. لە کۆتاییدا بەشی هەڵبژاردنی کومیتە بە شێوەیەکی دێموکراتیك بەڕێوەچوو و ٥ کەس وەك ئەندامی بەڕێوەبەریی کومیتەی یایان و یەك کەس وەك جێگری بەڕێوەبەری هەڵبژێردران.

شایانی باسە کۆنفڕانسەکە ۳ کاتژمێری خایاند.

# بەڕێوەچونی کۆبوونەوەی گشتی لەسەر دوایین سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دژبە ژنان و منداڵان



ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ۲۵ی ڕەزبەری ۱۳۹۲ی هەتاوی، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆبونەوەیەکی گشتی بۆ بەڕێز ڕووناك فەتحی ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان لەسەر تازەترین یاساکانی دژ بە ژنان و منداڵانی کۆماری ئیسلامی بە بەشداری ژمارەیەك لە ئەندامانی یەکیەتی ژنان پێك هێنا. ناوبراو لە باسەکەیدا بە وردی تیشکی خستە سەر پەسەندکردن و بەیاساییکردنی گەڵاڵەیەك لە ژێرناوی (منداڵانی بێ سەرپەرەست و خراپ سەرپەرەست) لە لایەن شورای نیگابان کە لە ڕێکەوتی ۳۱ی خەرمانان لە لایەن مەجلیسی شورای ئیسلامی ئەم گەڵاڵەیە پەسند کرا و نێردرایە شورای نیگابان بۆ پەسەندکردنی کۆتای کە سەرەنجام شورای نیگابان ئەم گەڵاڵە دزێوەی پەسەند کرد و یاسایەکی دیکەی دژ بە مافەکانی مرۆڤ بە کارنامەی کۆماری ئیسلامی زیاد کرد. هەروەها بەڕێز فەتحی لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: «ئەوەی کە زۆرترین ناڕەزایەتی داکۆکیکارانی مافەکانی منداڵان و ژنانی لێکەوتەوە ماددەی ۲۲و۲۷ی ئەم گەڵاڵەیە بوو». فەتحی لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا ئاماژەی کرد بە هێندێك لەو پێشێلکاریانەی کە لە دوای دەست بەکاربوونی کابینەی حەسەنی ڕوحانی دژ بە ژنان کراوە لەوانە مەسەلەی حیجابی زۆرەملی، هێنانە بەرباسی سەربازی ئیجباری بۆ ژنان، کەمکردنەوەی سەعاتی کاری ژنانی شاغڵ و چوونەسەری ڕێژەی خۆکوژی ژنان ... هتد. ناوبراو لە کۆتای باسەکەیدا وتی دەبێ ڕێکخراوەکانی مافی منداڵان و ژنان و بەگشتی چالاکانی مافی مرۆڤ لە بەرامبەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی کە دژی مافەکانی مرۆڤە و لەگەڵ هیچکام لە پێوەرە ئینسانی و ئەخلاقییەکانی دونیای ئەمڕۆدا نەگوجێن، ڕاوەستن. کۆبوونەوە بە بەشداریی چالاکانەی بەشداربووان کۆتای پێ هات.



# ناوەندی رۆژهەڵات بۆ توێژینەوەی کۆمەڵایەتی بە هاوکاری یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خولێکی دوو رۆژەی پێکهێنا

ناوەندی رۆژهەڵات بۆ توێژینەوەی کۆمەڵایەتی بە هاوکاری یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خولێکی دوو رۆژە لە رۆژانی ١٦-٢٠١٣/١٠/١٧ی زایینی بۆ لاوان و مێرمنداڵانی کەمپی ئازادی پێکهێنا.

ئەو خولە لە لایەن ئەم بەڕێزانەی خوارەوە پێکهات :

رۆژی یەکەم لە لایەن بەڕێز تاهیر محمودی ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی کۆمسیۆنی کۆمەڵایەتی، کۆبوونەوەیەکی سەبارەت بە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و چاوەروانی حیزب لە لاوان و مێرمنداڵان و چاوەروانی ئەوان لە حیزب پێکهێنا، لە باسەکەی تەئکیدی لە پشتیوانی بەردەوامی حیزب بۆ ئەو توێژە گرنگەی کۆمەڵگا کردەوە، هەروەها هانی دان لە بواری خوێندن و زانیاری گشتی .

دواتر بەڕێز کەیهان یوسفی سکرتێری یەکیەتی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، باسێکی سەبارەت بە مێژووی یەکیەتییەکەیان و ئامانج و بەرنامەکانی ئەو رێکخراوە پێشکەش کرد، هەروەها ئاماژەی بە هەوڵ و تێکۆشانی یەکیەتی خوێندکاران کرد.

رۆژی دووەم بەڕێز هێرۆ جەلدیانی جێگری سکرتێری یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسێکی سەبارەت بە مێژووی یەکیەتی ژنان و کار و تێکۆشانەکانی ئەو رێکخراوە و رۆڵی رێکخراوە ناحکومییەکان لە هۆشیارکردنەوەی مێرمنداڵان کرد.

کۆرگێری کۆتایی بەڕێز جەلال رەوانگەرد، جێگری سکرتێری لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، باسێکی سەبارەت بە مێژوو ئامانج و رۆڵی لاوان و هەوڵ و تێکۆشانی ئەم رێکخراوە بۆ پێگەیاندنی لاوان قسەی کرد.





# کۆبوونەوەیەکی گشتی لە لایەن کۆمیتەی ژنانی جێژنیکان بەڕێوەچوو



لە ڕێکەوتی ۲۰ی گەلاوێژی ۱۳۹۲ی هەتاوی لە کەمپی ناوەندی ۳ی کوردستان، کۆبوونەوەیەکی گشتی بۆ شیکردنەوەی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی یەکیەتیی ژنان لە لایەن بەڕێز زەکیە سدیقی ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بەشداریی ئەندامانی کۆمیتە، سەرشانەکان و سەرجەم ئەندامانی یەکیەتیی ژنان، بەڕێوەچوو.

پاش بەخێرهاتنی بەشداران بەڕێز زەکیە سدیقی لەسەر پێناسەی ژن و ژنانی ئێران و کوردستان و خەباتی ژنان لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە تایبەتییەکانیان باسێکی پێشکەش کرد.

پاشان هاتە سەر بەرنامە و پێڕەوی یەکیەتیی ژنان کە لە ۱۲ فەسڵ و ۲۰ بەند پێك هاتووە، بە وردی سەرنجی دایە سەر شیکردنەوەی فەسڵەکانی بەرنامە و هەروەها تیشکی خستەسەر ئامانجی یەکیەتی ژنان و ناو و ناوەڕۆکی ئەم ڕێکخراوەیە. هەروەها لە چوارچێوەی ئەم بەرنامە پێڕەوە ئاماژە بە کار و چالاکییەکانی یەکیەتی ژنان کرد و باس لە کێشە و گیروگرفتی سەر ڕێگای ژنان و چۆنییەتی تێکۆشان و بوون بە ئەندام لەم ڕێکخراوەیە کرد.



# بەشداریی شاندێکی یەکیەتی ژنان، لە سمینارێک بە بۆنەی ۲۵ی نوامبر

ڕۆژی شەممە، ۹ی سەرماوەزی ۱۳۹۲ی هەتاوی، بەرامبەر بە ۲۰۱۳/۱۱/۳۰ی زایینی، کاتژمێر ۲ی پاش نیوەڕۆ لە شاری کۆیە «هۆڵی نەجیبە خان»، سمینارێك لە ژێر دروشمی «ژنان لە ژینگەیەکی تەندروستدا دەبنە خاوەن مافەکانیان و بەشدارییەکی یەکسان لە پێشکەوتنی کۆمەڵگادا دەکەن» بەڕێوەچوو. شایانی باسە شاندێکی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی کەنێرە مێهفەر، ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتی ژنان بەشداری ئەم سمینارە بوون.

ئەم سمینارە کە لە لایەن ئەنیستیتۆی نارین بۆ توێژینەوە و بڵاو کردنەوە و کۆمەڵەی گەشەپێدانی لاوان و بە هاوکاریی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان ساز کرا بوو، لە دوو پانێلدا بەڕێوەچوو، تەوەری یەکەم «لێکدانەوەی تێئوریەکانی توندوتیژی لە میدیاکاندا» بوو کە لە لایەن بەڕێز «د. فواد» و تەوەری دووهەم لەسەر «ڕۆڵی سەروەریی یاسا لە توندوتیژی دژ بە ژنان لە ڕووی ئامێرەکانی پێوەندی گرتن» بوو کە لە لایەن پارێزەر «کاروان نامق» پێشکەشی بەشدار بووان کرا.



جێگای ئاماژەیە هەیئەتی یەکیەتی ژنان لە بەڕێزان گوڵێ ئیبراهیمی، ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان و شنەساڵحی و بەفرین مەحموودی لە ئەندامانی چالاکی ئەم ڕێکخراوەیە پێك هاتبوو. سمینارەکە کاتژمێر ٤:٣٠ ی دوانیوەڕۆ کۆتایی پێ هات.

# بەشداری کردنی ئەندامانی بەڕێوەبەری یەکێتی ژنان لە وڵاتی نۆروێژ لە کۆنفڕانسیKvinner på tvers

ڕێکەوتی ۲۱ و ۲۰۱۳/۹/۲۲، ڕێکخراوی «Kvinner på tvers - ژنان لە بازنەی بایەخپێداندا»، کۆنفرانسێکی دوو ڕۆژەی بە بۆنەی دامەزرانی ۲۰ ساڵەی ڕێکخراوەکەی لە ئۆسلۆی پێتەختی وڵاتی نۆروێژ بە بەشداری دەیان ڕێکخراوی نۆروێژی بەڕێوە برد. یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە نۆروێژ، بانگهێشتی ئەو کۆنفرانسە کرابوو.

بابەتەکانی کۆنفرانس بریتی بوون لە، مافی دەنگ دان، مافی لەبار بردنی منداڵ، بایەخدان بە بیر و بۆچوونی ژنان لە کۆمەڵگای نۆروێژیدا، ئاوڕدانەوە لە توندوتیژی بەرامبەر بە ژنانی بیانی، تەندروستی، بەرنامەی کولتووری و ئاشنابوون بە موزیک و سەمای هیندی، لایەنی ئابووری و شوێن دانانی ئەو لایەنە لە ژیانی ژناندا و چەند وردەبابەتی دیکە.

تێبینی:

ڕێکخراوی « Kvinner på tvers - ژنان لە بازنەی بایەخپێداندا»، ڕێکخراوێکی گشتی نۆروێژییە بۆ دەستەبەرکردنی هاوکاری نێوان یەکیەتییەکانی ژنان و ئەو دامەزراوانەیە کە پێوەندییان بە کێشەی ژنانەوە هەیە. ئەو ڕێکخراوە لە ساڵی ۱۹۹٤ دا بۆ ئەوە دامەزراوە کە بەر لە هەموو شتێک بە پێکهێنانی کۆنفرانس و کۆڕ و کۆبوونەوەی ساڵانە لە سەرانسەری وڵاتدا، جەخت بکاتەوە لە ژیانی ژنان. بابەتی کۆنفرانسەکان لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکیتر دەگۆڕدرێ و نوێ دەکرێتەوە. ئامانجی سەرەکی ئەم ڕێکخراوە ڕەخساندنی ژینگەیەکی باشە بۆ ژنان. لەو سۆنگەیەدا ئەم داواکارییانەی هەیە:

۱. مووچەی یەکسان
۲. کەم کردنەوەی سەعاتی کار لە ۸ بۆ ٦ کاژێر
۳. باشترکردنی شوێنی کار بۆ ژنان دەستەبەر بکا.

ئەم ڕێکخراوە، جگە لەو خاڵانەی سەرەوە، گرینگی دەدا بە لایەنی خانەنشینی، تەندروستی، سەرپەرستی بنەماڵە، پاراستنی ژیانی ژنانی بیانی، توندوتیژی پیاوان بەرامبەر بە ژنان و گرێدانەوەی کێشەی ژنان بە هاوپێوەندی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی ژنانەوە.

یەکیەتی ژنانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران،
نۆروێژ ۲۰۱۳/۹/۲۲





# کەنیزەکی جنسی لە وڵاتی تورکیا

**و. لە یۆنانیەوە: ڕەشید زەرواوی**

ڕێکخراوی حکوومی تورکیا لە لێکۆڵینەوەیەکدا رایگەیاند کە، لە وڵاتی تورکیا زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ کەنیزەکی جنسی بوونیان هەیە. Sefkat- der

بەپێی هەواڵێک کە رۆژنامەی «ئای نیووز»ی یۆنانی ئەمرۆ شەممە، ٥ی ئۆکتۆبر لە زار «سێفکات - دێر»ەوە بڵاوی کردەوە، لە وڵاتی تورکیا زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ کەنیزی جینسی لەو وڵاتە بوونیان هەیە و بەلانی کەمەوە نیوەی ئەو ژمارەیەش لە خوار چواردە ساڵانەوەن.

بەپێی سەرچاوە فەرمییەکان زیاتر لە ٣٠٠٠ ناوەندی کاری لەشفرۆشی لە وڵاتی تورکیا بە فەرمی بوونیان هەیە و زیاتر لە ١٥ هەزار ناوەندیتری لەشفرۆشیش بە شاراوەیی کار دەکەن.

ئەوە بێجگە لە سەرجەم هێزە سەربازیییەکان و میوانان و کەسانی نەناسراو و بێتواناکان کە کەڵک لە ژنان وەک کەرەسەی جنسی وەردەگرن.

زۆربەی ئەو کچانەی وەک کەرەسەی جنسی لە تورکیا بەکار دەبرێن، کچی بنەماڵە هەژارەکان و زیاتر لە پارێزگاکانی خۆرهەلاتی تورکیان. کچانێک کە بە رۆژانە لەگەڵ پرسەکانی لەشفرۆشی و کەوتنە داوی باندە مافیاییەکان بەرەوروون و زۆر جاریش لە لایەن کەسانی خزم و نزیک لە بنەماڵەش تووشی دەستدرێژی سیکسی دەبنەوە.

لینکی سەرچاوە:

kosmos--/٢٤٣/http://www.inews.gr -sklaves-tou-sex-stin-tourkia.htm



# له کومیتەی شێرەوەن کۆڕێک لە سەر توندوتیژی بەڕێوەچوو



له ڕێکەوتی ٢٠١٣\١١\٢٥ به سەرپەرشتی کومیتەی یەکیەتی ژنان لەکەمپی شێرەوەن، ئێواره کۆڕێك بۆ هوما مەنسوری ئەندامی کومیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتی ژنان ساز کرا. شایەنی باسه لەو ئێواره کۆڕەدا به چڕوپری باس لەسەر جۆرەکانی توندوتیژی کرا. دوابەشی کۆڕەکەش بەدابەشکردنی خەڵات بەسەر ئەندامانی ژنان کۆتایی هات.



# کۆبوونەوەیەکی گشتی بۆ کۆمیتەی کەلار بەڕێوەچوو



ڕۆژی پێنجشەمە، ڕێکەوتی ٢٠١٣\١٢\٥ لەسەر بانگهێشتی کومیتەی یەکیەتی ژنان له کەلار، کۆبونەوەیەك بۆ هوما مەنسوری، ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتی ژنان ساز کرا. جێی ئاماژەیە تەوەری کۆبونەوەکە «ڕێکخراو و ئامانجەکانی» بوو. بەڕێز مەنسووری له درێژەی باسەکەیدا جەختی خستە سەر بەردەوامیی کاروباری ژنان له نێوان کومیتەکانی کەلار و شێرەوەن و پەرەپێدانی چالاکییەکان به هەماهەنگی یەکتر.



# وتووێژێک لەگەڵ خاتوو لەیلا مودەڕسی، ڕاهێنەری بواری وەرزشی ئایرۆبیک و لەشجوانیی ژنان

دیمانە: ڕەحیم ئەحمەدیپوور



**پێشەکی**

**کاتێك بە وردی سەیری پێکهاتەی وەرزشی وڵاتانی پێشکەوتوو دەکەین، بە روونی ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە گرینگیی تایبەتیان بە وەرزشی ژنان داوە، هەر بۆیە لە کاتی بەڕێوەچوونی یارییە ئولەمپییەکاندا وڵاتانێکی وەکوو: ئەمریکا، بریتانیا، فەڕانسە، ئاڵمان، ئیتالیا، ژاپۆن و، ... تاد. لە ئەنجامی روانگەیەکی جوانی وەرزشی و بەبێ جیاوازیی رەگەزی هەمیشە ژنان لە بوارە جوداوازەکاندا میداڵیای جۆراوجۆر دەبەنەوە و بە هۆی سەرکەوتنەکانیانەوە دەچنە سەر سەکۆی قارەمانی و لە پێش چاوی زۆربەی کامێراکانی جیهان ئاڵای وڵاتەکانیان دەشەکێننەوە. خاتوو لەیلا مودەڕسی، یەکێکە لەو راهێنەرانە ناسراوانەی کە لە چەند ساڵی رابردوودا لە شاری هەولێر توانیویەتی پەرە بە رەوتی گەشەی وەرزشی ئایرۆبیك و لەشجوانی بدات و، لەو ڕێگەیەوە خزمەتی زۆر بە ژنانی خولیای وەرزشی هەرێمی کوردستان بکات. ناوبراو لە دیمانەیەکدا بۆ گۆڤاری ژنان، روانگە و بۆچوونەکانی خۆی لە هەمبەر وەرزشی ژنانی کوردستان بەمشێوەیە خستەڕوو:**

**پ ١: بیوگرافیی خۆت بۆ خوێنەران باس بکە.**

**و:** لەیلا مودەڕسیم، ساڵی ١٩٧٦ لە شاری پیرانشاری رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایك بوومە، راهێنەری بواری وەرزشی ئایرۆبیك و لەشجوانیی ژنانم.

**پ ٢: بە چ شێوەیەك هاتوویەتە نێو دنیای وەرزشەوە؟**

**و:** بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٩دا پێوەندیم بە رێکخراوی پەروەردەی لەشی شاری پیرانشارەوە کرد، وەکوو یاریزانی بواری ئایرۆبیك لەژێر چاودێریی مامۆستای بەڕێزم خاتوو مینا بێهجەتیدا، بۆ ماوەی چەند ساڵێك بەردەوام بووم لە فێربوونی زانستی ئەو وەرزشە، پاشان لە ساڵی ٢٠٠٢دا بە هۆی بارودۆخی سیاسییەوە پەڕەوازەی باشووری کوردستان بووم و، لەگەڵ بنەماڵەکەم دەروەست بە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بووم و لە ساڵی ٢٠٠٥دا وەکوو راهێنەری ئایرۆبیك لە هۆڵی ئایرۆبیك و لەشڕێکیی مامۆستا بورهان بووم بە راهێنەری بواری وەرزشی ژنان و تاکوو ئێستاش بەردەوامم لە خزمەتکردنیان.

**پ ٣: تاکو ئێستا بەشداریت لە چەند خولی فیرکاری تایبەت بە راهێنەرانی ئایرۆبیك و لەشڕێکیدا کردووە؟**

**و:** ساڵی ١٩٩٩ بەشداریم کردووە لە خولی لەشڕێکی و ئایرۆبیکی پارێزگای ورمی ـ رۆژهەڵاتی کوردستان، کە خولی ناوبراو لە لایەن وانەبێژانی ئەکادیمیای کۆمیتەی نەتەوەیی ئولەمپیکی ئێرانەوە بەڕێوە چوو. ساڵی ٢٠١٢ لە شاری سلێمانی خۆلێك بە مەبەستی پەرورده و پێگەیاندنی راهێنەرانی لەشڕێکیی هەرێمی کوردستان لە لایەن لێژنەی ئولەمپیی کوردستانەوە بەڕێوەچوو، کە منیش یەکێك لە بەشدارانی سەرکەوتووی ئەو خولە بووم. ساڵی ٢٠١٢ لەلایەن لێژنەی ئولەمپیی هەرێمی کوردستانەوە مۆڵەتی یاسایی کردنەوەی هۆڵی ئایرۆبیك و لەشڕێکیم وەرگرتووە و تاکوو

ئێستاش بەردەوامم. ساڵی ٢٠١٣ بەشداریی خولێکی دیکەی لەشرێکی و ئایرۆبیکی لیژنەی ئومەپیی هەرێمی کوردستانم کردووە و یەکێك لە بەشدارانی سەرکەوتوو بوومە.

**پ ٤: چ کەسێك لە پشت سەرکەوتنەکانی بەڕێزتانەوە بووە؟**

**و:** بنەماڵەی بەڕێزم و، بەتایبەتیی هاوسەری خۆشەویستم سابیر لوتفی زادە کە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا هاندەر و پاڵپشتی سەرەکیم بووە، بۆیە سپاسی دەکەم و، هیوادارم نموونەی ئەو جۆرە مرۆڤانە لە کۆمەڵگای وەرزشیی کوردستاندا هەر زۆر بن، بۆ ئەوەی وەرزشی ژنان لە پەراوێزی فەرامۆشییەوە هەنگاو بەرەو زانستی سەردەم و کرانەوە هەڵێنێتەوە.

**پ ٥: ئاستی وەرزشی ژنانی هەرێمی کوردستان چۆن دەبینی؟**

**و:** وەرزشی ژنانی هەرێمی کوردستان، لە پاش رووخانی رێژیمی بەعسی دیکتاتۆری رووخاوەوە لە لایەنی هونەریی و رێژەییەوە، تاڕادەیەك لە بەراورد لەگەڵ پێشوو گەشەی کردووە، بۆ نموونە ژنان لە ئێستادا خاوەنی چەندین خولی وەرزشین لە بوارەکانی تۆپی بالە، تۆپی دەست، فووتسال و، تۆپی باسکە و... بەڵام بەداخەوە داب و نەریتە کۆنەکان و روانگەی پیاوسالارانە دوو هۆکاری سەرەکین بۆ ئەوەی وەرزشی ژنان وەکوو پێویست پێناسە بۆ بوونی خۆی نەکات.

**پ ٦: لایەنی رۆشنبیری و کاریگەریی میدیا لە هەمبەر گەشەی وەرزشیی ژناندا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**و:** میدیای ئازاد و کراوە دەرەتانێکە بۆ گەشەی هەموو لایەنەکانی ژیان، هەر کاتێك میدیا بە ئازادی و بێ لایەنانە کاری خۆی بکات، بێگومان دەتوانێت گۆڕانی بنەڕەتی لە کۆمەڵگادا بکات، بەڵام بەداخەوە لە هەرێمی کوردستاندا پەیامنێر و رۆژنامەنووسی کچ و ژن رێژەیان ئەوەندە کەمە کە لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕن، بۆیە لایەنیی رۆشنبیریی وەرزشی کوردستان هێشتا زۆری ماوە بگاتە ئەو ئاستەی کە ژنانی وەرزشوان تێیدا هەست بە ئاسوودەیی و بوونی خۆیان بکەن.

**پ ٧: سەنتەری وەرزشی ئایرۆبیك و لەشرێکی لەژێر چاودێریی بەڕێزتان و مامۆستا سرووە مودەڕسیدا بەڕێوە دەچێت، ئاستی هونەریی ئەو سەنتەرە چۆنە؟**



**و:** سەنتەری وەرزشیی ئۆکسیژن تایبەتی ژنانە کە لە دوو بواری ئایرۆبیك و لەشرێکیدا چالاکی دەکات، ئێمە مانگانە ٨٠ تا ١٠٠ کەس لە ئارەزوومەندانی ئەو دوو بوارە وەرزشییەدا بە مەبەستی دابەزاندنی کێش، لایەنی تەندروستی، هەندێ نەخۆشیی تایبەتی ژنان و زیادکردنی کێش بە شێوەی نۆرماڵ وەردەگرین، ئێستا سەنتەرەکەمان بووەتەماڵێك بۆ ژنانی خولیای وەرزشی ئایرۆبیك. بە هاوکاریی مامۆستا سرووە و هاوڕێکانم هەوڵ دەدەم لەو کارەدا بەردەوام بم، بە مەبەستی خزمەتی ژنانی خولیای وەرزشی کوردستان.



ڕەحیم ئەحمەدی‌پوور

# ماڕاسۆنی نێودەوڵەتیی هەولێر و چەند پرسیارێک

یەکێک لە ئەستەمترین پێشبڕکێ وەرزشییەکان لەسەر ئاستی جیهاندا یاریی ماڕاسۆنە. لەم یارییەدا، یاریزانەکان دەبێ ٤٢ کیلۆمەتر و ١٩٥ مەتر رابکەن تا بگەنە هێڵی کۆتایی. ئێستا پێوانەی جیهانیی ئەو بوارە وەرزشییە، بۆ پیاوان و ژنان بەم شێوەیەیە:

بۆ پیاوان ٢ کاتژمێر و ٥ خولەک، بۆ ژنان ٢ کاتژمێر و ١٥ خولەک. هەندێک توێژەری وەرزشی پێیان وایە ئەو یارییە لە دەورانی ئولەمپیی کۆنیشدا هەبووە، بەڵام وا نییە. یارییە ماوە درێژەکان ڕیشەیان لە یارییەکانی ئولەمپیی ئەسینای دێریندا هەبووە، بۆ نموونە ٣٠٠٠ مەتر، ٥٠٠٠ مەتر و ١٠٠٠٠ مەتر. لە ساڵی ٤٩٠ی پێش زایینیدا هێزەکانی سوپای هەخامەنشی هێرش دەکەنە سەر ئەسینا لە دەشتی ماڕاسۆندا، لەو شەڕەدا دوو سوپای هەخامەنشیی ئێران و ئەسینا بە هەزاران کەس لە یەکتری دەکوژن. کاتێک هێزەکانی ئەسینا توانییان سوپای هەخامەنشی شکست بدەن، سەربازێکی ئەسینایی خەڵکی دەشتی ماڕاسۆن بە ناوی فێدی پێدیس لە ماوەی دوو ڕۆژدا، توانی ١٥٠ میل ڕا بکات، لە کۆتاییدا ناوبراو توانی هەواڵی سەرکەوتنی ئەسینییەکان بەسەر سوپای ئێراندا بە خەڵکی ئاتێنی پایتەخت بگەیەنێت و لە پاش وتنی ئەو ڕستەیە کە «خۆشی بکەن ئێمە لەبەرەکانی شەڕدا سەرکەوتین»، بە هۆی ماندووبوونی زۆرەوە گیانی لەدەست دا.

لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/١٠/٢٥دا شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان لە ژێر دروشمی جوانی (ڕۆژێک ڕاکردن لە پێناو ئاشتیدا) میوانداریی سێیەمین خولی نێودەوڵەتیی ماڕاسۆنی کرد. لە شێوازی بەڕێوەچوونی ئەو خولەدا دەیان و سەدان پرسیار بۆ دڵسۆزانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی وەرزشیی کوردستان بەجێ ما. بۆ نموونە لە کوێ گشتیی ئەو چەند هەزار جلەی کە بەسەر یاریزانە بەشداربووەکاندا دابەش کرا، کامیان ستانداردی نێودەوڵەتی پێوە دیار بوو؟ یەکێتیی گۆڕەپان و مەیدانی کوردستان و بەشی یارییەکانی سیبانی کوردستان لە کوێ بوون؟ کاری بنەڕەتیی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، چاکسازی و چاودێرییکردنی حکوومەتەکانە یا بەڕێوەبردنی ماڕاسۆنی نێودەوڵەتی؟ یاریی ماڕاسۆنی نێودەوڵەتی بە پشتیوانیی ئۆتۆمۆبێل بەڕێوە دەچێت یا دڵی دووەمی مرۆڤ، واتە لاقی یاریزانەکان؟ لە ڕووی تەندروستیی وەرزشییەوە لە کام وڵاتی جیهاندا ڕێگە بە مێرمنداڵی ١٢ ساڵ تەمەن دەدرێت کە لە ڕاکردنی ١٠٠٠٠ مەتریدا بەشداری بکات و ...

بەو هیوایە بەڕێوەبەرانی خولی چوارەمی ماڕاسۆنیی نێودەوڵەتیی هەولێر بە دڵسۆزی و پەرۆشەوە کار بۆ وڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی سەرەوە بکەن.





w: Mêhran Derbasî

# Jiyannameya Şêx Ehmedê Xanî

Ehmed kurê şêx Elyas naskirî bi “Xanî”, sala 1650’an li Kurdistana Bakûr û li gundê Xan ya nêzîk bajarê “Bayzdîd” a ser bi parêzgeha Hekariyê tê dinê. Her eva bûye sedem ku jêre bêjin Xanî, lê gellek kesên din vê yekê vedigerînin bo vê ku navbirî ser bi malbat û eşîra Xaniyan bûye. Di pirtûka “Dayirl me’arif a Îslamî”de jiyana Ehmedê Xanî Vedigerînin bo salên 1000 – 1063’an a Rojî. Dr. “Beloç Şêrkû” di pirtûka “Elqeziyetûl Kurdî” weha nivîsandiye: “Xanî biserhatiya “Mem û Zîn” di sala 1011’an a rojî nivîsandiye û, di sala 1072 de jî koça dawiyê kiriye.




Li ser bingeha çavkaniyên xwedî bawerî, Xanî li sala 1621’an li bajarê Bazydîdê ji dayîk û mezin bûye. Navbirî li serdemê zarokatiya xwe de mijûlê xwendina Qur’ana pîroz û pirtûkên din bûye. Xanî heyamekê diçe mizgevta Muradiyê û piştre bona xwandinê diçe bajarên Urfa, Ixlat, Bitlîs û gelig û gellek bajarên din. Xanî li her cihekê Zanayek dibîne, tevî têkil dibe û ji zanista wî mifahê werdigire. Piştre diçe welatê Misrê û îcazeye Mamostayetiyê li wir werdigre û cardin wedigere wargeh û welatê xwe û weke mamosta û helbestwan jiyana xwe didomîne û di sala 1119’an de, bo yekcarî malawayiyê ji wê dinê dixwaze û diçe ber dilovaniya xwe û her li wê derê jî bi axê hate sipartin.

Ehmedê Xanî di furma helbestên xwe yên hemasî û hertim zindî de bo xwendevanên xwe bi vî awayî

xwe dide naskirin:”Ez gulav firuş im ne zêr firuş, min dara hebûna xwe di warê edebiyatê de çandiye û dest bi xwedîkirina wê kiriye, Ez kurdê Deşt û çiyayên rengîn û bilind ê kurdistanê me, kilamên ku min bi kar anîne, kilamên resen ên kurdî ne û daxwazê ji we xwendevanên hêja dikim ku, ji kerema xwe re bi awyekî herî baş, bona fêrbûna wan hewlê bidin.



Xanî bona fêr bûna zanistê, di despêkê de li mizgevt, hucre û qotabxaneyên mezin ên bajarên weke Bayzîd, Tewrêz û Bidlîsê de dest pêkir, navbirî her di temenê 14 saliya xwe de xwediyê şiyan û lêhatiyên bihêz bûye û hewl û tekoşîna xwe li rêya zanist û me’rîfetê de bikar dianî. Xanî piştre bajarê Bayzîdê bi cih dihêle û koçberî bajarê Feraz a pêtextê welatê Osmanî dibe, Xanî demekê li wir akincî dibe û zanist û zanyariyan li Şêz û Alimên mezin fêr dibe û herweha zanyariyek zaf li ser zanista wî çaxî werdigire.

Xanî di warê edebiyata Erebî û şarezayî li ser Îslam û sofîgeriyê û herweha helbestan de, xwedî şiyan bûye . Ehmedê Xanî serbarê vê ku şarazayiyek zaf li ser edebiyata kurdî hebû, şarezayî li ser zimanên Erebî, Farsî û Turkî jî hebû û hertim ciwan tûjdikirin ku xwendin û nivîsandinê hîn bibin. Dema Xanî vedigere wargeha baw û kalên xwe, bê beranber û bê vê ku tu xwastek û çavni-

hêriyek ji xelkê xwe hebe, dest bi avakirina qutabxaneya zanistî dike da ku xortên Kurd, fêrî zanist û me'rîfetê bike.

Xanî bona vê ku zarok jî fêrî zanistê bibin, pirtûkek bi navê "Nûbihar a biçûkan" dinvîsîne, da ku zanistê li rex alîgir û fêrxwazan şirîn bike û bi vê mitodê hewaltiyê di navbera gel û zimanê gel de bihêz bike.

Serbarê vê ku şarezayî bi ser wan hemû zimanan de hebû, lê hewil dida ku

bi zimanê Kurdî pirtûkan binvîsîne û bi vî awayî nîşan bide ku gelê Kurd jî di pêkanîna şaristaniyeta mirovahiyê û mirovdûstiyê de hevpar bûye û bi vî awayî dixwaze bîr û hizrên neteweya xwe bo netewên din bide xûyandin. Her weke dixwe dibêje: "Tu kesê mafê vê yekê tuneye ku bêje hemû netewe xwediyê mîratek kultorî û pertûkîne û di wî warî de hisabê ji kurdan re neke". Xanî torevanan han dide ku buhagiraniyên xwe biparêzin û bi zimanê dayîkiya xwe pirtûkan binvîsin, ne bi zimanên bîhaniyan.

Ehmedê Xanî di nîvya duyemîn a sedsala 17'an de jiyaye û di wê demê de di navbera her dû Împiratoriyetên Fars û Osmaniyan de Şer û pevçûnên zaf hebûye û herweha di wî çaxî de Kurd rastî şerê navxwe hatibû. Xanî di rewşek han de bi nivîsandina pirtûkekê ku naveroka wê bas ji hewcehiya lihevhatin û yekdengiya rêbarên Kurd dike û pêdagiriyê li ser vê yekê dike ku xwe li şerê tevî hev biparêzin û pîlanên dujminên gelê Kurd eşkere bikin, jiber ku armanca wan ya herî mezin dagîrkirina Kurdistanê û mifahwegirtin ji çavkaniyên xwezayî û herweha bikaranîna Kurdan di şeran de wek mertal e.

Herweha Xanî bas ji hêz, şiyan û afirandinên Kurdan dike û daxwaza hişyarî û bawerî bi xwe bûnê ji wan dike û dibêje: " Yekgirtî û yekdeng bin û tu derefetan ji dest nedin, dema xwe bi fêrbûn, hevkarî û çelengiyan derbaz bikin, bi awayekê ku di navbera geşekirina şiyanên siyasî, aborî û zanistî de peywendî hebe".

Bi sedema vê ku Xanî xwedî hizr û bîra netewî bû, piştevan û alîgirê azadiyê jî bû, lewma di diruşmên xwe de hertim pêdagiriyê li ser vê yekê kiriye ku hewce ye jin jî des bi fêrbûna zanistê bikin, bona vê ku bikarin kesayetiya xwe biparêzin û li dest vê zilm û zoriya ku derheq wan tê kirin berevaniyê ji mafên xwe bikin.

Xanî serbarê wan hemû kiryarên bi cih û pozitîv ku encam dane, xwediyê pirtûkên binirx û helbestên şoreşvanî ên weke çîroka "Mem û Zîn" e û herweha ferhenga Kurdî-Erebî bo zarok û ciwanan û pirtûka "Bawerî û îman" bi zimanê Kurdî û gellek dîwan û helbestên din ên cur bi cur beşek din ji berhemên Xanî

pêk tîne.

Ehmedê Xanî yek ji wan helbestvanên mezin û jêhatî ye ku hertim yad û bîra wî di nava dilê gelê Kurd de zindî ye. Xanî stêrka geş a esmanê Kurdewariyê ye ku hertim diteyise.

Berhemên binirx ên Xanî pêk tên ji:

Mem û Zîn: Çîroka Eşq û evîndariyê ye ku bi gotina wî çîroka rizgariya netewa Kurd e.

Nûbihar: Ferhenga Kurdî – Erebî ye ku di furma helbestan de bo zarokan nivîsandiye û hevpar e di gel ferhenga Ehmedî ku di sala 1094'an a rojî hatiye berhevkirin.

Baveriyên olî: Derbarê îlahiyatê ye û di çarçoveya helbestan de hatiye vehandin û hêj çap û belav nebûye.

Yusif û Zulêyxa: Çîroka eşq û evîndariya Yusif û Zulêyxa yê ye ku hêj nehatiye çap û belavkirin.

Lêyla û Mecnûn: çîroka eşq û evîndariya Lêyla û Mecnûnê ye ku bi awayê helbestan hatiye vehandin û hêj nehatiye çap û bilavkirin.

Şahkara Xanî pirtûka "Mem û Zîn"e, ev çîrok berhema bîr û hizra Xanî ye. Xanî ev xizîneya buhagiran ji behra bîr û hizrên xwe wergirtiye û bi Ebrîşemek pir buhagiran wehandiye.

Armanca Xanî li nivîsîna "Mem û Zîn", derbirîna daxwazên derûnî û derdê dilê xwe bûye, jiber ku bi hemû awayî hest bi bindestî û mezlûmiyeta gelê xwe kiriye û xwastek û armancên gelê xwe bi başî dîtine. Lewra çîroka Mem û Zîn weke mitoda herî baş bona anîne ziman û baskirin ji hestên derûna xwe û êş û elema gelê xwe hilbijartiye û têde û dibêje: "Hekî gelê Kurd giringî daba ziman, kiltûr û çanda xwe, wê navê Kurd li cîhanê deng vedaba û, ziman û kiltûra wan di ast ziman û kiltûra gelên din de ba".

Xanî herweha di warê paşveman û bindestiya gelê xwe bi vî awayî dibêje: "Nizanim çima gelê min ji hemû mafên xwe bêpar e? Hekî me dilsozek heba û em jê hîn biban, wê rewaşa me baştir ba".

Xanî pîştî vê ku li ser bindestî û mezlûmiyeta gelê xwe lêkolînan dike, digîje vê encamê ku rêya rizgariya gelê Kurd ji vê bindestiyê, tenê û tenê yekgirtin û hevdûqebûlkirin e, jiber ku hevdû qebûlnekirin arîşe û sebeba sereke ye ku heya niha gelê Kurd ji mafên xwe bêpar e û di astek nizim de maye. Yekgirtin û yekbûn dibe sebeba bidestveanîna serkevtin û serfiraziyê.

Xanî di sala 1708'an a Za'înî de li bajarê Bayzîdê koça dawiyê dike.

# JINAN

Kovareke Werzî ye, Yekîtiya Jinên Demokrat yên Kurdistana Îranê diweşîne

